Zanco Journal of Law and Politics
Vol(24), No(41), 2026

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری پێکراو لە ڕوانگەی یاساکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق، ئێران و فەلەستین


| |
|---|
| پ. ی. د. رضوان شريف صالح |
| بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| پارێزەر: ئامێز احمد قادر |
| سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، هەرێمی کوردستان، عێراق |
| Email: amez.qader@soran.edu.iq |



| ID No. 5275 | Received: 16/10/2025 | ووشە کلیلیەکان: |
|---|---|---|
| (PP 256 - 283) | Accepted: 23/11/2025 | کرێکاری پێکراو، پێکانی کار، دەستەبەرییە تەندروستییەکان، چاودێری تەندروستی و چارەسەری. |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.24.41.11 | Published: 15/02/2026 | |



## پوختە

لە سەردەمی ئیستادا، بە هۆی گۆڕانکاری لە جۆر و شێوازەکانی کارکردن و زیادبوونی پرۆژە و کارگە و کۆمپانیا گەوەرەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە بوارەکانی بیناسازی، پیشەسازی سوتەمەنی و پیشەسازییە مەترسیدارەکانی تردا کاردەکەن، زۆرێک لە کرێکاران لە کاتی کار یان بە هۆی کارەکەیانەوە تووشی پێکان دەبن، کە پێویستیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هەیە. لە هەرێمی کوردستاندا یاسای پەیوەندیدار بەم بابەتە، یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەمواركراوی عێراقییە کە رێکخستنی دەستەبەرییە تەندروستییەکانی بۆ کرێکاری پێکراو، لە گەڵ پێشکەوتنەکانی کەرتی کار لە سەردەمی ئێستادا ناگۆنجێت و بە بەراورد بە ئەزموونی وڵاتانی تر لاوازە. ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە بەدیارخستن و ڕوونکردنەوەی کەلێنە یاساییەکانی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری پێکراو. ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری و مەیدانی و بەراوردکاری یاساکانی بەرکار لەهەرێمی کوردستان و عێراق و ئێران و فەلەستین، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی یاساکانی سەبارەت بە رێکخستنی دەستەبەرییە تەندروستییەکان بۆ کرێکاری پێکراو دەستنیشان کردووە و ژمارەیەک پێشنیازی بۆ باشتر رێکخستنی ئەم دەستەبەرییانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش کردووە.

## ١. پێشەکی

لە ئێستادا، بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە جۆر و شێوازی کارکردن دروست بووە هەروەها بە هۆی زیادبوونی پڕۆژەکان و کۆمپانیاکان بە تایبەت لەو کارانەی مەترسی ڕوودانی پێکان لە ئارادایە، وەک کارکردن لە پڕۆژە و کۆمپانیاکانی دروستکردن و پاکردنەوەی بینا و باڵەخانە بەرزەکان یاخود کارکردن لە کارگەکانی پیشەسازی و سوتەمەنی و کشتوکاڵی، زۆرێک لە کرێکاران لە کاتی کارەکەیاندا یان بە هۆی کارەکەیانەوە یاخود لە کاتی چوونی ڕاستەوخۆیان بۆ کار یان گەڕانەوەیان تووشی پێکان دەبن، هەر بۆیەش یاساکان بە بەردەوامی هەوڵی دابین کردن و پەرەپێدانی ئامرازەکانی پاراستن و پارێزگاری لە کرێکاران دەدەن، ئەمەش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی کرێکاران و جێگیرکردنی دەستەبەرییە تەندروستییەکان بۆیان لە ئەگەری تووشبوون بە پێکانی کار. یاسا بەراوردکارییەکان حوکمی تایبەتیان داناوە سەبارەت بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بە کرێکاری پێکراو و گواستنەوەی بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی و دابینکردنی دەستەبەرییە تەندروستییەکان بۆی بە پێشکەشکردنی چاودێری و چارەسەری تەندروستی پێویست. لە مادده (٢)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراودا[1] هاتووە، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم یاسایە دابینکردنی تەندروستی و سەلامەتی و داهاتووی ژیانی سەرجەم تاکەکانی چینی کرێکارانە لە عێراقدا، ئەم ئامانجەش بەدەستدێنێت لە ڕێگەی دابینکردنی دەستەبەرییە تەندروستییەکان. بەشی حەوتەمی ئەو یاسایە، کە ماددەکانی (٤٣-٥٣) لەخۆدەگرێت، تایبەتکراوە بە لقی دەستەبەری تەندروستی کە دەستەبەری بۆ کرێکاری نەخۆش بە گشتی و بە تایبەت کرێکاری ئافرەتی دووگیان دابیندەکات. لە بەشی هەشتەم: لقی پێکانەکانی کار، کە ماددەکانی (٥٤-٦٤) لەخۆدەگرێت، دەستەبەری تایبەت بۆ کرێکاری پێکراو دابینکراون، بەڵام لە مادده (٦٤) دا هاتووە "هەموو حوکمەکانی بەشی حەوتەم لەو یاسایە بەرکار دەبن، کە پەیوەستن بە دەستەبەری تەندروستی لە سەر بارەکانی پێکانەکانی کار، مەگەر لەوبارەیەوە دەقێکی تایبەت هاتبێت لەو بەشەی پەیوەستە بە پێکانەکانی کار"، کەواتە، بە پێی ئەو ماددەیە بۆمان دەردەکەوێت، هەر حوکمێک یاخود دەستەبەرییەکی تەندروستی، کە لە بەشی هەشتەم (لقی پێکانەکانی کار) بۆ کرێکاری پێکراو دابیننەکرا بوو، دەگەڕێینەوە سەر بەشی حەوتەم (لقی دەستەبەری تەندروستی).

هەروەها بە هەمانشێوە لە مادده (١٢)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ی بەرکار لە عێراقدا[2] هاتووە، کە لقەکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، دەستەبەری نەخۆشیش لەخۆدەگرێت، و یاساکە بەشی هەشتەم (ماددەکانی ٤٨-٦٠ )ی تایبەت کردووە بە پێکانەکانی کار و نەخۆشی و نەخۆشیە پیشەییەکان و بەشی یازدەهەم (٧٦-٨٩)ی تایبەت کردووە بە لقی دڵنیایی تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و سوودەکان بۆ ئافرەتی دووگیان، کە لە مادده (٨٩)دا دەقی لە سەر ئەوە داوە، کە حوکمەکانی ئەم بەشە لە سەر بارەکانی پێکانەکانی کار و نەخۆشی و نەخۆشیە پیشەییەکان جێبەجێ دەبێت، مەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەمە هاتبێت. واتا، ئەگەر دەقێکی تایبەت هاتبێت لە بەشی هەشتەم کە تایبەتە بە پێکانەکانی کار و نەخۆشی و نەخۆشیە پیشەییەکان، ئەوا لە کاتی ڕوودانی پێکانی کار، ئەو دەقە تایبەتە لە سەری جێبەجێدەکرێت، بە پێچەوانەوە حوکم و دەقە گشتییەکانی بەشی یازدەهەمی لە سەر جێبەجێدەکرێت. یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی ساڵی ١٩٧٥ی هەموارکراو[3] لە بڕگەی (أ)ی مادده (٣)دا ئاماژەی بەوە داوە، دەستەبەری کۆمەڵایەتی بابەتی ئەم یاسایە، ڕووداو و نەخۆشیەکانیش لەخۆدەگرێت و بەشی پێنجەم (ماددەکانی ٥٤- ٦٩)ی تایبەت کردووە بە ڕووداوەکان و نەخۆشیەکان و دووگیانی، کە تیایدا دەستەبەرییە

---

[1] یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار و پیادەکراو بە یاسای ژمارە (٤) ی سالی ٢٠١٢ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکراوە لە رۆژنامەی وقائعی کوردستان ژمارە (١٤٧)ی رێکەوتی ٢٠١٢/٧/١.

[2] قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي للعمال العراقي رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٣ نافذ، الوقائع العراقية العدد (٤٧٣٤)، التاريخ ٢٠٢٣/٨/٢٨.

[3] قانون تأمين اجتماعى ايرانى مصوب ١٣٥٤/٤/٣ (١٩٧٥) با اصلاحات.

تەندروستییەکان بۆ کرێکاری پێکراو جێگیرکراووە. و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینی ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٦ی هەموارکراوی ڕاگیراویش[1] لە بڕگەی (١/هـ)ی مادده (٣)دا دەقی داوە لە سەر ئەوەی یاساکە دڵنیایی (دەستەبەری) تەندروستیش لەخۆدەگرێت. هەروەها لە مادده(٧٤) دا هاتووە، میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی چاودێری و چارەسەری پزیشکی دیاریدەکرێن، بەو ڕێنماییەی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچێت. کەواتە، یاسای بەرکاری فەڵەستینی، بە پێچەوانەی یاسای بەرکار لە کوردستان و عێراق و ئێران، بەشێکی تایبەتی نییە بە ناوی دەستەبەری یاخود دڵنیایی تەندروستی، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی لە دڵنیایی تەندروستی کردووە و بۆ ڕێکخستنی یاسایی ئەم بابەتە ڕێنمایی تایبەتی دەرکردووە.

### ١.١ کێشەی توێژینەوە

لە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی کەمبوونەوە یاخود نەمانی دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان پەنایان بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت بردووە و بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کەرتی کار بەخۆیەوە بینیوە، مەترسی ڕوودانی پێکانەکانی کار لە زیادبووندان. سەرەڕای دەرچوونی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ لە عێراقدا، لە هەرێمی کوردستاندا تا کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەش، هەر کار بە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراوی عێراقی دەکرێت کە ڕێکخستنی دەستەبەرییەکانی بۆ کرێکاری پێکراو لە گەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە کەرتی کار لەو سەردەمە بەخۆیەوە بینیوە ناگۆنجێت بە بەراورد بە ئەزموونی وڵاتانی تر. کەواتە دەتوانین بڵێین کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بوونی بۆشایی یاسایی لەناو یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، لەبارەی پاراستنی کرێکارانی پێکراو، بە تایبەتی حوکمەکانی پەیوەندیدار بە دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاران کە شایستەی دەستەبەری کەمتر دەبن لەچاو ئەو دەستەبەریانەی کە بوونیان هەیە لە یاسای زۆرێک لە وڵاتان، بە هەمانشێوە، کەموکورتی لە حوکمەکانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ی نوێش هەیە. نەک تەنها لە ڕێکخستن و داڕشتنی یاساکاندا کەم و کورتی هەیە، بەڵکو لە ڕوانگەی پڕاکتیکیەوەش کێشە گەلێک بوونیان هەیە، بۆیە هەوڵدراوە، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە، پێشنیاز و چارەسەری گۆنجاو لە بارەی ئەم کێشانەوە بخرێنەڕوو.

### ١.٢ پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە یاساییە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ئاماژەپێکراو دەدات لە ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە: ئایا دەستەبەرییە تەندروستییە یاساییەکان کە بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو دابینکراون لە کاتی پێکان بوونی چین؟** توێژەران هەوڵیان داوە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارەکی لاوەکی، وەڵامی پرسیاری سەرەکی بدەنەوە، کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن:

أ. ئەو ڕێکارە یاساییانە چین، کە پێویستە بگیرێنەبەر؟ لە کاتی بەرکەوتنی کرێکار بە پێکانی کار

[1] پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە جێبەجێکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەلەستینی ڕاگیراوە، ئەمەش بە پێی مادده (١)ی بڕیار بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ سەبارەت بە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەلەستینی، کە تیایدا هاتووە: "جێبەجێکردنی بڕیار بە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٦ سەبارەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و هەموارەکانی لە ڕێکەوتی خۆیەوە، ڕادەگیرێت." و بە پێی مادده (٢)ی " گفتوگۆ لە نێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بەردەوام دەبێت بە مەبەستی گەیشتن بە کۆدەنگییەکی نیشتمانی لە سەر بڕگەکانی یاساکە و ڕێکەوتی جێبەجێکردنی."

ب. ئایا ئەو چاودێرییە تەندروستی و چارەسەرییە پزیشکانە کامانەن کە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بۆ کرێکاری پێکراو فەراهەمی کردوون لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات؟ چۆن رێکخستنی بۆ تێچووەکانی کردووە؟

ج. بە سوود وەرگرتن لە یاسای وڵاتان، چ ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە و چۆن ڕێکبخرێت؟

### ١.٣ ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە بۆ چوارچێوەی یاسایی دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری پێکراو لە هەرێمی کوردستاندا، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی گرفتە یاساییەکانی کە پێویستی بە هەموار و ڕێکخستنی یاسایی وورد هەیە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژینەوەکەمان هەوڵدەدات مەبەستی تایبەتتر بەدی بهێنێت، کە بریتین لە:

أ. باسکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێکارە یاساییانەی، کە پێویستە بگیرێنەبەر لە کاتی بەرکەوتنی کرێکار بە پێکانی کار.

ب. باسکردنی و هەڵسەنگاندی رێکخستنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

ج. دیارخستنی هەڵوێستی ولاتانی تر سەبارەت بە دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

د. مەبەستی کۆتاییش بریتیە لە خستنەڕووی ڕێکخستنێکی یاسایی ووردتر بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

### ١.٤ گرنگی توێژینەوە

گرنگی سەرەکی توێژینەوەکەمان خۆی لە باس کردن و پێشنیازکردنی ڕێکخستنی یاسایی گۆنجاوتر بۆ دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری پێکراو لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە. گرنگییەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە باس لە بابەتێکی گرنگ و چینێکی گرنگی کۆمەڵگا دەکات، کە لە ناوندێکی یاسایی لاوازدان لە چاو خاونکارەکانیان، بابەتێک کە پەیوەندی بە مافە تەندروستییەکانی کرێکارانی پێکراو لە ژینگەی کاردا هەیە. گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی لە باسکردنی ئەو ڕێکارە یاسایانە دەبینێتەوە کە پێویستە بگیرێنەبەر لە کاتی بەرکەوتنی کرێکار بە پێکانی کار، هەروەها دەستەبەرییە تەندروستییەکان بۆ کرێکاری پێکراو ڕوون دەکاتەوە، کە خۆیان لە تەواوی ئەو چاودێری و چارەسەریانە دەبینەوە، کە کرێکاری پێکراو پێویستیەتی لە کاتی تووش بوونی بە پێکانی کار، تاوەکو چاکبوونەوەی یان جێگیربوونی پەککەوتنی یان مردنی. جا ئەو چارەسەریانە لە ناوەوەی وڵات بن یان دەرەوەی وڵات، کە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ کرێکارانی پێکراو دابینیانکردوون، کە بەراوردکردنیان لەگەڵ یاساکانی بەرکار لە ولاتانی تر یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی یاساکانی بەرکار لە کوردستان و عێراق و یارمەتیدەرە بۆ پێشنیازکردنی ڕێکخستنێکی یاسایی شیاوتر بۆ پاراستنی کرێکاری پێکراو.

### ١.٥ میتۆدەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا چەندین میتۆدی جیاواز بەکار هاتوون کە بۆ ئەنجامدانی، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەستراوە بە میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری و بەراوردکاری. لە توێژینەوەکەدا شیکردنەوەیەکی وورد ئەنجامدراوە بۆ مادە وبڕگە و حوکمە پەیوەندیدارەکانی هەریەک لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٢٣ی بەرکار. هەروەها پشت بە میتۆدی بەراوردکاریش بەستراوە کە دەقە یاساییە پەیوەندیدارەکانی لە یاسای خانەنشینی

و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و عێراقی بەراورد کراون لەگەڵ ئەم دەقانە لە هەریەک لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی ساڵی ١٩٧٥ی هەموارکراو و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٦ی هەموارکراوی ڕاگیراو. هۆکاری هەلبژاردنی یاسای ئێرانی بۆ مەبەستی بەراوردکاری، بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە یاسای وڵاتێکی دراوسێ و هاوسنووری عێراقە و خاوەن پێشینەیەکی فراوانە لە بواری پاراستنی کرێکاران، و هەروەها هۆکاری هەلبژاردنی یاسای فەڵەستینیش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەشێوەیکی وورد و رێک رێکخستنی یاسایی گونجاوی کردووە بۆ بابەتی دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری پێکراو. لەگەڵ ئەمانەشدا، توێژەران پشتیان بە میتۆدی مەیدانی بەستووە، لە بارەی چەندایەتی جێبەجێکردنی دەستەبەرییە تەندروستیەکان لە ڕوانگەی پراکتیکیەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەوەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسی پسپۆر و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئەنجامداوە.

### ١.٦ پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە بەشەکانی پێشەکی و کۆتایی، لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت. بەشی دووەم بە ناونیشانی 'تێگەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو و پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی و گواستنەوەی بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی '، لە دوو باس پێک دێت. لە باسی یەکەمدا تێگەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو ڕووندەکرێتەوە و لە باسی دووەمدا دوو لە گرنگترین پابەندییەکانی خاوەنکار لە کاتی پێکان بوونی کرێکار دەخرێنەڕوو. بەشی دووەمیش لە دوو باسی جیاوازدا، باس لە دابینکردنی دەستەبەرییە تەندروستییەکان دەکەن بۆ کرێکاری پێکراو کە ئەوانیش بریتین لە چاودێری تەندروستی و چارەسەری پێکراو و تێچووەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، و لە بەشی کۆتایی توێژینەوەکەش، کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیاز خراونەتەڕوو بۆ لایانی پەیوەندیدارەکان.

## ٢. تێگەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو و پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی و گواستنەوەی بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی

لەم بەشەدا، تێگەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو و دوو لەو دەستەبەرییە تەندروستییە سەرەتاییانەی کە کرێکار لە کاتی بەرکەوتنی بە پێکانی کار شایستەیان دەبێت، دەخرێنەڕوو، بە دابەش کردنە سەر دوو باس، بەم شێوەیەی خوارەوە.

### ٢.١ تێگەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو

تێگەیشتن لە چەمکی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو پێویستی بە شیکردنەوەی چەمکی هەریەک لە کرێکاری دەستەبەرکراو و پێکانی کار هەیە، ئەویش بە شیکردنەوەیەکی ورد و ڕوون چونکە لە هیچ یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکدا پێناسەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو نەهاتووە، تەنانەت یاساناسان و نووسەرانیش پێناسەیان بۆ ئەم چەمکە نەکردووە، بۆیە لە سەرەتای ئەم بەشەدا چەمکی کرێکاری دەستەبەرکراو، و دواتر چەمکی پێکانی کار دەناسێنرێن، بە ئامانجی خستنەڕووی چەمکی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو.

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق لە بڕگەی حەوتەمی ماددەی (١)دا پێناسەی کرێکاری کردووە بەوەی کە "هەموو کەسێکی سروشتی چ نێر بێت یان مێ لە ژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتی خاوەن کار و لە ژێر بەڕێوەبردنیدا کارێک بکات، چ بە گرێبەستی نووسراو بێت یان زارەکی، بە شێوەی ڕاشکاو بێت یان ناڕاشکاو، یان لە سەر شێوەی ڕاهێنان بێت یان تاقیکردنەوە، یاخود بە کارێکی هزری هەڵبستێت یان جەستەیی لە بەرامبەر کرێیەک، لە هەر جۆرێک بێت، بەپێی حوکمەکانی یاسای کار. هەروەها لە بڕگەی نۆیەمیشدا پێناسەی ئەو کرێکارانەی کردووە، کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاردەکەن (العامل لحسابه الخاص) بەوەی" هەموو کەسێک کە بۆ بەرژەوەندی (حسابی) تایبەتی خۆی کار بکات و بۆ کەسانی تر کار ناکات و پێناسەی گشتی لە سەر جێبەجێ نابێت." هەروەها لە ماددەی (١)ی

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینیدا پێناسەی کرێکار کراوە بەوەی، بریتییە لە "هەموو کەسێکی سروشتی کە کارێک بۆ خاوانکارێک بکات لە بەرامبەر کرێیەک، لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا لە ژێر بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی ئەودا بێت. هەروەها پێناسەی ئەو کرێکارانەی کردووە، کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاردەکەن بەوەی" کەسی سروشتی کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کار بکات، نەوەک بۆ بەرژەوەندی خاوەن کار." تێبینی دەکرێت کە یاسادانەری عێراقی لە پێناسەی ئەو کرێکارانەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاردەکەن دەستەواژەی 'هەموو کەسێک'ی بەکارهێناوە کە لێرەدا کەس بە واتا فراوانەکەی بەکارهاتووە، و دەکرێت کەسی واتایش بگرێتەوە، کە بە دروستی نازانین، بۆیە پێشنیاز دەکەین وەک یاسادانەری فەڵەستینی بە شێوازەکی وردتر و گونجاوتر 'هەموو کەسێکی سروشتی' بەکاربهێنێت.

هەر یەک لە یاساکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی پێناسەی کرێکار و ئەو کرێکارانەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاردەکەن یان نەکردووە.

لە بارەی دەستەبەرکراو یاخود کرێکاری دەستەبەرکراو، یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی (١/أ) پێناسەی دەستەبەرکراو (المضمون)ی کردووە بەوەی "دەستەبەرکراو ئەو کرێکار یە کە دەستداری حوکمەکانی ئەو یاسایە دەبێت". یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق لە بڕگەی چوارەمی مادده (١)دا پێناسەی دەستەبەرکراوی کردووە بەوەی "هەموو کەسێک، کە کاردەکات یان کاری کردووە لە پرۆژەی کاری بەکۆمەڵ یان تاکەکەسی یان لە کارێکی ڕێکنەخراو و بڕی بەشدارییەکانی دەستەبەرکردن[1] دەدات، پێویستە لە سەری ئەو بەشداری دەستەبەرکردنە بدات بە سندوق [ی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران] لە بەرامبەر هەر یەکێک لە دەستەبەرییەکان، خزمەتگوزارییەکان، قەرەبووەکان، پاداشتەکان یان مووچەکان، کە لە لایەن سندوقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش بە کرێکارانی دەستەبەرکراو دەکرێن."

لە بڕگەی یەکەمی مادده (٢)ی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی دەستەواژەی بیمەکراو( بیمە شدە) بۆ دەستەبەرکراو بەکارهاتووە و تیایدا پێناسە کراوە بەوەی "بیمەکراو کەسێکە ڕاستەوخۆ ڕێساکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەخۆیدەگرێت و بە پێدانی بڕە پارەکان بە ناوی پارەی بیمە، مافی بەکارهێنانی ئەو سوود(مزایا)انەی هەیە، کە لەم یاسایەدا هاتوون". هەروەها یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینی لە ماددەی (١)دا دەستەواژەی دەستەبەرکراوی لە بەرامبەر دڵنیایی

---

[1] یاساکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران جەخت لە سەر دەستەبەرکردنی کرێکاران دەکەنەوە، ئەویش لەڕێگای دانی بەشدارییەکانە، کە پێویستە ئەو لایەنانە بیدەن، کە یاسا دیاریکردووە لە پای ئەو دەستەبەرییانەی بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دابینیدەکات بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو. بۆ نموونە، لە ماددەی (٢٧)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، کە دەستەبەرکردن لە ڕێگای دانی بەشداریکردنی مانگانە دەبێت، کە یەکسانە بە (١٧٪)ی کرێی کرێکارە دەستەبەرکراوەکە، بە شێوەیەک کە: (١٢٪)ی کرێی کرێکارەکە لە کارگێڕییەکان و خاوەنکاران وەردەگیرێت، بەم شێوەیە دابەشدەکرێت: (١٪) بۆ لقی دەستبەری تەندروستی، (٢٪) بۆ لقی دەستەبەری پێکانەکانی کار و (٩٪) بۆ لقی دەستەبەری خانەنشینی؛ هەروەها (٥٪)ش لە کرێی خودی کرێکارەکە دەبڕدرێت و بە تەواوی دەچێتەسەر هەژماری لقی دەستبەری خانەنشینی. لە هەندێک باری ڕیزپەڕکراودا (٢٥٪) لە کرێ لە سەر خاوەنکارەکانە. بە هەمانشێوە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٤)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقیدا هاتووە بۆ مەبەستی دەستەبەری، ڕێژەی (٥٪)ی کرێیەکەی لە خودی کرێکاری دەستەبەرکراو وەردەگیرێت بۆ لقی دەستەبەری خانەنشینی و (١٢٪)ی کرێیەکەش لە خاوەن کار وەردەگیرێت کە (٨٪) بۆ لقی دەستەبەری خانەنشینی دەبێت، (١٪) بۆ لقی دەستەبەری پێکانی کار و نەخۆشیە پیشەییەکان و وەستان بە هۆی بارودۆخی ڕیزپەڕ (استثنائی)، (١٪) بۆ لقی دەستەبەری یارمەتی بێکاری و (٢٪) بۆ لقی دەستبەری تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی و یارمەتی ئافرەتانی کرێکار. لە هەندێک باری ڕیزپەڕکراودا (٢٥٪) لە کرێ لە سەر خاوەنکارەکانە.

لێکراو (المؤمن عليه) پێناسەی کردووە، کە تیایدا هاتووە، دڵنیایی لێکراو بریتییە لە "هەر کەسێکی سروشتی کە دڵنیایی لێکراوە بە پێی حوکمەکانی ئەو بڕیار بە یاسایە".

سەبارەت بە چەمکی پێکانی کار، لە ڕوانگەی فقهیەوە، پێناسەی جیاوازی بۆ کراووە، بۆ نموونە، پێکانی کار پێناسە کراوە بەوەی، بریتییە لەو ڕووداوەی کە لە کاتی کارکردندا یان بە بۆنەی کارکردن ڕوودەدات، بەبێ گوێدانی هۆکارەکەی، لە هەموو بارێکدا کرێکار ملکەچی خاوەنکار بێت و دەبێت هۆکاری ڕوودانەکەی دەرەکی بێت و زیانی جەستەیی بە جەستەی کرێکار بگەیەنێت و لە ناکاو ڕووبدات.[1] هەروەها پێناسە کراوە بەوەی، ڕووبەڕووی کرێکار دەبێتەوە لە ئەنجامی ڕووداوێکی دیاریکراو، کە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیدا یان لە کاتی ڕۆیشتن یان گەڕانەوە لە کار ڕوودەدات، وەک ڕووداوەکانی ڕێگا، بە مەرجێک کەسی پێکراو لە ڕێڕەوی سروشتی و ئاسایی لانەدات،[2] و سەرچاوەیەکی تر پێکانی کار پێناسە دەکات، بەو مەترسیانە کە جەستەی کرێکار تووشی زیان دەکات لە ناکاو یان بە تێپەڕبوونی کات لە ئەنجامی چالاکی پیشەیی[3].

سەرەڕای بوونی پێناسەی فقهی بۆ پێکانی کار، زۆربەی یاسادانەرانیش پێناسەی پێکانی کاریان کردووە، ئەمەش تیشک دەخاتەسەر گرنگی بابەتەکە. یاسا پێشکەوتووەکانی پەیوەندیدار بە کار گرنگییان بە پێناسەی پێکانی کار داوە، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دەستنیشانکردنی پێکانەکانەدا، جا ئەو پێکانانە لە ئەنجامی کارکردنی کرێکار بن یان لە سەر ڕێگا تووشیان بن یان لە ئەنجامی نەخۆشیە پیشەییەکان کە لە یاساکاندا هاتوون.

لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (١)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە "پێکانی کار: پێکانە بە نەخۆشیەکی پیشەیی[4] یان پێکانە بە لە کارکەوتنی ئەندامی لە ئەنجامی ڕووداوێک کە لە کاتی کار یان بە هۆیەوە ڕوویداوە، ئەو ڕووداوەی بە سەر کرێکاری دەستەبەرکراودا دێت لە کاتی چوونی ڕاستەوخۆی بۆ کار یان گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی لە هەمان حوکم دادەنرێت. نەخۆشیە پیشەییەکان و لەکارکەوتنی ئەندامی و ڕێژەی پەککەوتن، کە لە هەر یەکێکیانەوە دروست دەبێت، دیاریدەکرێن بە خشتەکان کە پاشکۆی ئەم یاسایە دەکرێن، دەردەچن بە بڕیارێک لە لایەن وەزیرەوە لە سەر پێشنیازی ئەنجومەنی کارگێری، دوای وەرگرتنی ڕای وەزارەتی تەندروستی. ئەو بارودۆخانەی لە خشتە ئاماژەپێکراوەکان باسنەکراوە بە شارەزایی پزیشکی دیاریدەکرێن".

بڕگەی (١٥)ی ماددەی (١)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق پێناسەیەکی تارادەیەک هاوشێوەی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستانی بۆ پێکانی کار بەکارهێنایەتەوە، کە بەوە پێناسەی کردووە "پێکانە بە نەخۆشیەکی پیشەیی یان لە کارکەوتنی ئەندامی لە ئەنجامی ڕووداوێک کە لە کاتی کار یان بە هۆیەوە ڕوویداوە، و ئەو ڕووداوەی بە سەر دەستەبەرکراودا دێت لە کاتی چوونی ڕاستەوخۆی [بۆ کار] یان گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی لە هەمان حوکم دادەنرێت و نەخۆشیە پیشەییەکان و لەکارکەوتنی ئەندامی و ڕێژەی پەککەوتن کە لە هەر یەکێکیانەوە دروست دەبێت دیاری دەکرێن بەو خشتانەی بە بڕیارێک لە لایەن وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت، لە سەر پێشنیازی

---

[1] القروي بشير سرحان، التأمين على إصابات العمل في التشريع المقارن، مجلة الدراسات القانونية، ١(١)، ٢٠١٥، ٧٧-١٠١، ٧٨.

[2] هادي حسين الكعبي و زينب جاسم محمد، التعويض التلقائي عن حوادث العمل، مجلة الجامعة العراقية ، ١(٦١)، ٢٠٢٣، ٤٦٤-٤٧٣، ٤٦٥.

[3] دکتۆر سادق مەهدی ئەلسەعید نقلا عن علياء غازي طاهر و حسن محمد علي، إصابات العمل في القوانين العراقية: التعريف والعناصر: دراسة مقارنة، مجلة الرافدين للحقوق، (٢٠)٧١، ٢٠١٧، ٢٥٩-٢٩٢، ٢٧٢.

[4] مەبەست لە نەخۆشی پیشەیی ئەو لێکەوتەیە کە دروست بووە لە کردنی پیشەیەکی دیاریکراو وەک لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە پێناسە کراوە. بۆ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە نەخۆشی پیشەیی بە پێکانی کار دادەنرێت، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە لە پێناسەی پێکانی کاردا هاتووە و هەروەها لە ماددە (٦١)ی یاساکەشدا هاتووە "دامەزراوە بە بەرپرسیار دەمێنێتەوە لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم بەشە [بەشی هەشتەم: لقی پێکانەکانی کار] لە ماوەی ساڵێکی تەواو لە کۆتایی هاتنی ڕاژەی کرێکاری دەستەبەرکراو، ئەگەر لەو ماوەیەدا نیشانەکانی نەخۆشی پیشەیی لە سەر دەرکەوت... ."

ئەنجومەنی کارگێری سندوق بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی". کەواتە، بۆمان دەردەکەوێت، کە یاسای عێراقی نوێ نەخۆشیە پیشەییەکان و لە کارکەوتنی ئەندامی و ڕێژەی پەککەوتنیانی بە خشتەکان لە پاشکۆی یاساکە دیارینەکردووە، بەڵکو دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو خشتانەی داوەتە دەست وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە سەر پێشنیازی ئەنجومەنی کارگێری سندوق بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی.

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی پێناسەی پێکانی کاری نەکردووە، بەڵکو لە بەرامبەری چەمکی ڕووداو (حادثە) ی بەکارهێناوە، کە لە بڕگەی هەشتەمی مادده (٢)دا پێناسەی کردووە بەوەی کە " ڕووداو، لە ڕوانگەی ئەم یاسایەوە، بوویەرێکی پێشبینینەکراوە، کە لە ژێر کاریگەری فاکتەر یان فاکتەرەکانی دەرەکی لە ئەنجامی کارێک یان بوویەرێکی کتوپڕ ڕوودەدات و دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی جەستەیی یان دەروونی بە دەستەبەرکراو". هەروەها لە مادده (٦٠)ی یاساکەدا هاتووە، ڕووداوەکانی پەیوەست بە کار ئەو ڕووداوانەن، کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکیدا و بە هۆیەوە بە سەر بیمەکراودا ڕوودەدات. یاساکە ئاماژە بەوەش دەدات، کە مەبەست لە چەمکی "لە کاتی ئەرکیدا" ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کاتانەی کە بیمەکراو لە شوێنی کار یان دامەزراوەکانی پەیوەست بەو یان بینا و ناوچەکانی سەرقاڵی کارکردن بێت، یان پابەندە بە ئەنجامدانی ئەرکێک لە دەرەوەی ناوچەی شوێنی کارەکە بە فەرمانی خاوەنکار. کاتەکانی سەردانکردنی نۆرینگە یان دەرمانخانە و یان نەخۆشخانە یان بۆ چارەسەری پزیشکی و شیاندنەوە (توانا بەخشین)، و کاتی چوون و گەڕانەوەی بیمەکراو لە ماڵەوە بۆ شوێنی کار بە کاتەکانی ئەنجامدانی ئەرک دادەنرێن، بە مەرجێک ڕووداوەکە لە کاتی ئاسایی چوون و گەڕانەوەی بۆ شوێنی کار ڕوویدابێت. ئەو ڕووداوانەی کە بە سەر بیمەکراودا ڕوودەدەن لە کاتی هەوڵدان (هەستان) بۆ ڕزگارکردن و یارمەتیدانی بیمەکراوانی تر، بە ڕووداوی پەیوەست بە کارەوە دادەنرێت.

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینیش لە ماددەی (١)دا جیاوازتر پێناسەی بۆ پێکانی کاری کردووە، کە بەم شێوەی خوارەوە تیایدا هاتووە پێکانی کار:

١. ڕووداوێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکەی، کە لە ماوەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە شوێنی کارکردن یان نزیک شوێنی کارکردن ڕوودەدات، یان لە هەر شوێنێک کە کرێکار کە تیایدا ئامادە نەدەبوو تەنها بە هۆی کارەکەیەوە نەبێت.

٢. ڕووداوێک کە لە ماوەی گونجاودا پێش یان دوای کاتژمێرەکانی کارکردن ڕوودەدات پەیوەندیدار بێت بە گواستنەوە، پاککردنەوە، ئامادەکردن، دڵنیایکردن، پاراستن، کۆگاکردن، بەرگ تێگرتن یان پڕکردنەوەی ئامێرەکانی کارکردن یان جلوبەرگەکانی.

٣. ڕووداوێک کە لە سەر ڕێگای ڕاستەوخۆی نێوان شوێنی کارکردن و شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکی یان لاوەکی کرێکار یاخود شوێنێک کە بە شێوەیەکی ئاسایی ژەمەکانی تێدا دەخوات یاخود شوێنێک کە بە شێوەیەکی ئاسایی کرێکار کە مووچە تیادا وەردەگرێت، ڕوودەدات.

٤. پێکان بە یەکێک لە نەخۆشییە پیشەییەکان، یان هەر نەخۆشیەکی تر، بەپێی پەیڕەوێک کە نەخۆشیە پیشەییەکان دیاریدەکات، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

بە بەراوردکردنی یاسا بەراوردکارییەکان تێبینی دەکرێت، کە یاسادانەری ئێرانی جیاوازتر لە یاسادانەرەکانی دیکە، نەک تەنها زیان بەرکەوتنی جەستەیی دەستەبەرکراو، بەڵکو زیان بەرکەوتنی دەروونیشی بە پێکانی کار داناوە، بۆیە پێشنیاز دەکەین یاسادانەری کوردستانیش بەرکەوتنی دەروونی بە پێکانی کار دابنێت. جیاوازییەکی دیکەی بەرچاو کە لە نێوان یاساکاندا بەدیدەکرێت بریتییە لە کات و شوێنی ڕووداوەکانی کار کە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە دەستنیشانکردنی پێکانی کار، بۆیە جیاوازی نێوان یاسا بەراوردکارییەکان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو بە دابەشکردنی بە سەر دوو لقدا، بەم شێوەی خوارەوە:

**أ. پێکانی کار لە ئەنجامی ڕووداوێک لە کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردن**

گشت یاسا بەراوردکارییەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو پێکانەی لە ئەنجامی ڕووداوێک لە کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردنەوە ڕوودەدات بە پێکانی کار دادەنرێت. کەواتە، دەتوانین بڵێین کاتی کارکردن گرنگە بۆ دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا پێکانی کار ڕوویداوە یان نا، چونکە پێکانەکە دەبێت لە کاتی کارکردندا ڕووبدات. هەندێک لە نووسەران باسیان لەوە

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

کردووه، کە ڕووداوەکە بە ڕووداوێک لە کاتی کارکردن دادەنرێت، ئەگەر لە ماوەی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارەکە ڕووی دابێت، تەنها پەیوەندییەکی کاتی لە نێوان ڕووداوەکە و ئەنجامدانی کارەکەدا بەسە، نەک پەیوەندییەکی هۆکارانە.[1] هەروەها نووسەرێکی تر ئاماژە بەوە دەدات، پێکانی کار ئەو پێکانەیە، کە بە سەر کرێکارەکەدا هاتووە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا. واتا، شوێنی کارەکەی و ئەو کاتەی دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەڵام دەکرێت ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی فراوانتر لێکبدرێتەوە، بەو پێیەی ئەو پێکانەی لە ئەنجامدانی کارەکەدا بە سەر کرێکارەکەدا دێت، بە پێکانی کار دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر لە کاتی کارکردنی دیاریکراودا نەبێت، تەنانەت ئەگەر کرێکار کە لە شوێنێکی دیاریکراویش نەبێت بۆ کار، بە مەرجێک کرێکارەکە کارەکە بۆ بەرژەوەندیی خاوەنکار ئەنجامبدات[2].

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەر ڕووداوێک لە کاتی کارکردن ڕووبدات یاخود لە دەرەوەی کاتەکانی کارکردنیش ڕووبدات، بەڵام بە هۆی کارکردنەوە بێت و ببێتە هۆی پێکانی کرێکار، ئەوا ئەو پێکانە بە پێکانی کار دادەنرێت. سەرچاوەیەکی تر ئاماژەی بەوە داوە، ئەگەر کرێکار کە پێش دەستپێکردنی کاتی دیاریکراو دەستی بە کار کردبێت، یان ئەگەر پێکانەکە دوای کۆتایی هاتنی کارەکە ڕووی دابێت یاخود لە ماوەی پشوودان کە لە شوێنی کاردا بەردەستن ڕووی دابێت، هەر بە پێکانی کاری دادەنرێت، بە مەرجێک کرێکار کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی خاوەنکارەکەی بووبێت و بیسەلمێنێت کاتێک کە تووشی پێکان بووە کاری بۆ خاوەنکارەکە ئەنجام داوە[3].

سەبارەت بە مەبەستی یاسا بەراوردکارییەکان لە چەمکەکانی 'کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردن' تێبینیدەکرێت، کە هەریەک لە یاساکانی بەرکار لە کورستان و عێراق ئەو چەمکانەی بەکارهێناوە بەبێ ڕوونکردنەوەی مەبەستی دیاریکراوی هەریەکەیان و ئەو کارەی بۆ یاساناسان و دادوەران جێهێشتووە، ئەمەش بە کارێکی باش نازانین، چونکە هەلی تەفسیرکردنی جیاواز لەخۆدەگرن، کە دەکرێت خراپ بەکاربهێنرێن لە کاتی تەفسیرکردنیاندا. بە پێچەوانەوە، یاسادانەری ئێرانی و فەڵەستینی مەبەست لە 'کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردن'یان بە شێوازێکی ورد و گونجاو ڕوونکردۆتەوە. یاسای ئێرانی، هەروەک پێشتر ئاماژەپێکراوە، دەقی لە سەر ئەوە داوە، کە مەبەست لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرک 'کاتی کارکردن' هەموو ئەو کاتانەیە، کە بیمەکراو لە شوێنی کار یان دامەزراوەکانی پەیوەست بەو یان بینا و ناوچەکانی سەرقاڵی کارکردن بێت، یان پابەندە بە ئەنجامدانی ئەرکێک لە دەرەوەی ناوچەی شوێنی کارەکە بە فەرمانی خاوەنکار، هەروەها کاتەکانی سەردانیکردنی نۆرینگە یان درمانخانە و یان نەخۆشخانە یان بۆ چارەسەری پزیشکی و شیاندنەوەشی بە کاتەکانی ئەنجامدانی ئەرک داناوە. هەروەها بە پێی یاسای فەڵەستینی 'کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردن' بریتییە لە ماوەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە شوێنی کارکردن یان نزیک شوێنی کارکردن یان هەر شوێنێک کرێکار کە تیایدا ئامادە نەدەبوو، تەنها بە هۆی کارەکەیەوە نەبێت، تەنانەت ماوەیەکی گونجاو پێش یان دوای کاتژمێرەکانی کارکردنیش کە پەیوەندیدار بێت بە گواستنەوە، پاککردنەوە، ئامادەکردن، دڵنیایکردن، پاراستن، کۆگاکردن، بەرگ تێگرتن یان پڕکردنەوەی ئامێرەکانی کارکردن یان جلوبەرگەکانی، هەروەها کاتەکانی خواردنی ژەمەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی یاخود وەرگرتنی مووچەکەی بە شێوەیەکی ئاسایی لە شوێنە تایبەتیەکەی.

ب. پێکانی کار لە ئەنجامی ڕووداوێک لە کاتی چوون و گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی لە کار

بە هەمانشێوە یاسا بەراوردکارییەکان ئاماژەشیان بەوە داوە، ئەو پێکانەی لە ئەنجامی ڕووداوێک بە سەر کرێکاری دەستەبەرکراودا دێت لە کاتی چوونی ڕاستەوخۆی بۆ کار یان گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی لە کار، بە پێکانی کار دادەنرێت. لێرەدا مەبەستیان ڕووداوی ڕێگای کارە، واتا، هەر زیانێک یاخود پێکانێک کە بەر کرێکار دەکەوێت لە کاتی ڕۆشتنی لە

[1] عدنان العابد و يوسف إلياس، قانون الضمان الاجتماعي، الطبعة الثانية، بغداد، منقحة و مزيدة، ١٩٨٨، ١١٦.

[2] مراد شاهر عبدالله، حقوق العمال بين قانون العمل و قانون الضمان الاجتماعي (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، ٢٠١٣، ٤١.

[3] حنان قاسم كاظم، ذاتية التقاضي في المنازعات الناشئة عن اصابات العمل والامراض المهنية: دراسة في ضوء القانون العراقي، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية، ١١ (٢٣)، ٢٠٢٢، ٣٧٥-٣٩٦، ٣٨١.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بۆ شوێنی کارەکەی یان لە کاتی گەڕانەوەی لە شوێنی کارەکەی بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، بە پێکانی کار دادەنرێت. ڕێگای کار لە ڕووی جوگرافیاوە لەو ساتەوە دەستپێدەکات، کە کرێکار کە دەرگای شوقەکەی یان ئەو شوێنەی بەجێهێشتووە، کە بەنیازی ئەوە بووە بچێتە سەر کارەکەی و ڕێگاکە بە گەیشتن بە شوێنی کارکردنی کۆتایی دێت و هەر ڕووداوێک لە نێوان ئەو دوو خاڵەدا ڕووبدات بە ڕووداوی ڕێگا دادەنرێت[1].

بۆئەوەی ئەم پێکانەی لە ڕێگای کار ڕوودەدات بە واتا یاساییەکان بە پێکانی کار هەژماربکرێت، مەرجە کرێکارەکە ڕێگای سروشتی و ناسراوی گرتبێتەبەر بۆ چوون بۆ سەر کارەکەی بەبێ ئەوەی بوەستێت یان لەو ڕێگایە لابدات.[2] دیاریکردنی مەبەست لە ڕێگای سروشتی زەحمەت نابێت ئەگەر تەنها یەک ڕێگا هەبێت بۆ چوونە شوێنی کار، چونکە ئەو تاک ڕێگایە بە ڕێگایەکی سروشتی دادەنرێت، بەڵام دیاریکردنی ئەو کاتە زەحمەت دەبێت، کە چەند ڕێگایەک هەبن بۆ چوونە شوێنی کار یان گەڕانەوە لە شوێنی کار بۆ شوێنی نیشتەجێبوون، بۆئەوەی گومانەکان لابرێت، پێویستە کرێکارەکە ئەو ڕێگایە ئاساییە بگرێتەبەر کە کەسێکی ئاسایی دەیگرێتەبەر، ئەگەر لە هەمان بارودۆخی کرێکاری پێکراودا بێت[3].

بە سەرنجدانی یاسا بەراوردکارییەکان دەتوانرێت بگوترێت، یاساکانی بەرکار لە کوردستان و عێراق چەمکەکانی 'کاتی چوونی ڕاستەوخۆی بۆ کار یان گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ لەکار'یان بەکارهێناوە، یاسای ئێرانیش 'کاتی ئاسایی چوون و گەڕانەوەی بۆ شوێنی کار'ی بەکارهێناوە، یاسای فەڵەستینیش 'ڕێگای ڕاستەوخۆی نێوان شوێنی کارکردن و شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکی یان لاوەکی کرێکار'ی بەکارهێناوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر هەمان واتا دەگەیەنن، بە تێبینیکردنی ئەوەی، هیچ کام لەم یاسایانە مەرج و شێوازی ڕێگایان ڕووننەکردۆتەوە، بەڵکو پرسەکە بۆ زانایان و دادوەران جێهێشتووە، ئەمەش بە کارێکی باش نازانین. بۆیە پێشنیاز دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی و عێراقی کە چەمکی پێکانی کار لە ڕووی دیاریکردنی کات و شوێنی ڕوودانی پێکان، هاوشێوەی یاسادانەری ئێرانی و فەڵەستینی ڕوونبکەنەوە و مەبەستی لە 'کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردن' دیاریبکەن و مەرجەکانی کاتی چوون و گەڕانەوە لە کار ڕێکبخەن، و هەروەها وردەکاری و مەبەست لە شێوەی ئاسایی و ڕێگای پەسەندکراو بۆ چوونە شوێنی کارەکەی یان گەڕانەوەی لێی، ڕوونبکەنەوە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا و دوای ناساندنی چەمکی هەریەک لە کرێکار و کرێکاری دەستەبەرکراو و پێکانی کار، دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو بکەین بە شێوازێک لەگەڵ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت بەوەی کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو بریتییە لە هەر کەسێکی سروشتی چ نێر بێت یان مێ لە ژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتی و بەرێوەبردنی خاوەن کار کارێک بکات یان کاری کربێت، چ بە گرێبەستی نووسراوبێت یان زارەکی، بە شێوەی ڕاشکاو بێت یان ناڕاشکاو، یان لە سەر شێوەی ڕاهێنان بێت یان تاقیکردنەوە، لە بەرامبەر کرێیەک، لە هەر جۆرێک بێت و بڕی بەشدارییەکانی دەستەبەرکردنی بدرێت بە سندوقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە بەرامبەر دەستەبەری و خزمەتگوزارییەکان کە لە لایەن سندوق پێشکەش بە کرێکارانی دەستەبەرکراو دەکرێن، کە لە ئەنجامی پێکانی کار تووشی پەککەوتنی کاتی یاخود هەمیشەیی، جا تەواوەتی بێت یان بەشەکی.

### ٢.٢ پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو و گواستنەوەی بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی

کاتێک کرێکار تووشی پەککەوتن دەبێت لە ئەنجامی پێکانی کار لە ماوەی کارکردنی یاخود بەهۆی کارکردنییەوە، شایستەی کۆمەڵێک ماف و دەستەبەری یاسایی دەبێت، و بۆ ئەوەی خاوەنکار لەو بارەدا تووشی بەرپرسیارێتی نەبێت،

[1] منار حلمي عبدالله، أحكام تعويض إصابات العمل في ظل قانون العمل الفلسطيني رقم (٧) لسنة ٢٠٠٠ دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، ٢٠٠٨، ٤٨.

[2] مراد شاهر عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ٤٥-٤٦.

[3] عدنان العابد و يوسف إلياس، سەرچاوەی پێشوو، ١٢٥-١٢٦.

هەم لە بەرامبەر خودی کرێکارەکە و هەمیش لە بەرامبەر دامەزراوە[1]، بە شێوەیەکی گشتی یاساکان لەسەری پابەند دەکەن کە هەندێک ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر، لەوانەش پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بە کرێکاری پێکراو و گواستنەوەی بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی.

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان دەقی لە سەر پابەندبوونی کارگێرییەکان و خاوەنکارەکان داوە بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرێکاری پێکراو، وەک لە ماددەی (٥٤)دا هاتووە، پێویستە لە سەر کارگێرییەکان و خاوەنکارەکان دەستبەجێ دەستپێشخەری بکەن بە گرنگی پێدانی ئەو کرێکارەی کە ڕووبەڕووی پێکانی کار دەبێتەوە لە کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردنەوە، کە مەبەست لەو گرنگی پێدانە، بریتییە لە هەرچیەک کرێکار کە یەکسەر پێویستی پێ هەبێت وەک فریاگوزاری پزیشکی سەرەتایی و سڕکردنی لاوەکی و ئامرازەکانی هەوا پێدان. لایەنی ناوبراو بەرپرسیارێتی شارستانی و سزایان دەکەوێتە سەرشان بەرامبەر هەر زیانێک کە بەر کرێکاری پێکراو بکەوێت لە ئەنجامی پشتگوێخستنی فریاگوزاری دەستبەجێ لە ڕوودانی پێکانەکە [تێبینی دەکرێت کە یاساکە باسی لە تێچووەکانی فریاگوزاریی سەرەتایی نەکردووە]. لە مادده (٤٨)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراقدا هاتووە، خاوەنکار پابەندە بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی پێویست بۆ پێکراو، لەو کاتەی کرێکار لە کاتی کارکردنیدا تووشی پێکان دێت. پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە ماددەکە خاوەنکاری پابەند نەکردووە بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی لەو کاتەی پێکانەکە بە هۆی کارکردنەوە بێت و باسی تێچووەکانی فریاگوزارییە سەرەتاییەکانیشی نەکردووە و هەروەها هیچ سزایەکی بۆ سەرپێچیکردن لەو پابەندیەش دیارینەکردووە.

لە مادده (٦٥)ی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانیشدا هاتووە، پێویستە لە سەر خاوەنکار لە دۆخی ڕوودانی ڕووداوێکی پەیوەست بە کارەوە، ڕێوشوێنەکانی سەرەتایی پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی دۆخی قوربانی ڕووداوەکە. ئەگەر خاوەنکار لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنە سەرەتاییەکان هەر تێچوونێکی دابێت، دامەزراوەی دەستەبەری خزمەتگوزاری تەندروستی ئەو تێچووانە دەداتەوە، بەڵام بە پێی مادده (٦٦) ئەگەر سەلمێندرا، کە ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێساکانی پاراستنی تەکنیکی ڕوویداوە و سەرهەڵدانی نەخۆشیەکە بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێساکانی تەندروستی و ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست بووە لە لایەن خاوەنکار یان نوێنەرەکانیەوە، دامەزراوەکە تێچووەکانی چارەسەرکردن و قەرەبووکان و ئەوانی تر دەدات و بەپێی ئەم یاسایە لە خاوەنکار وەردەگرێتەوە.

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینی جەختی لە سەر پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی نەکردووە، بەڵکو لە یاسای کار ئاماژەی پێداوە. لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (١١٧) یاسای کاری فەڵەستینی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٠دا هاتووە، پێویستە لە سەر خاوەنکار لە دۆخی ڕوودانی پێکانی کار هەڵبستێت بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی پێویست بۆ پێکراو. بەڵام لەم یاسایەدا جۆر و چەندایەتی فریاگوزاری سەرەتاییان دیارینەکراوە.

بە سەرنجدان لە هەڵوێستی یاسا بەراوردکارەکان پێشنیازدەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی و عێراقی پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بەم شێوەیە ڕێک بخات: خاوەنکار پابەندە بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی پێویست بۆ پێکراو لەو کاتەی کرێکار تووشی پێکان دێت، لە کاتی کارکردنیدا یان بە هۆی کارکردنەوە و ئەگەر خاوەنکار لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنە سەرەتاییەکان هەر تێچوونێکی دابێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەو تێچووانە دەداتەوە، بەڵام ئەگەر سەلمێندرا، ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێساکانی پاراستنی تەکنیکی ڕوویداوە و سەرهەڵدانی نەخۆشیەکە بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێساکانی تەندروستی و ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست بووە لە لایەن خاوەنکار یان نوێنەرەکانییەوە، بەڕێوەبەرایەتی تێچووەکانی چارەسەرکردن و قەرەبووکان و ئەوانی تر دەدات و بەپێی ئەم یاسایە لە خاوەنکار وەردەگرێتەوە.

[1] لە ڕووی پراکتیکیەوە دامەزراوە لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەیە کە دەکەوێتە هەولێر و لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆیەکانیش بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران هەیە، بۆیە لە هەر شوێنێک کە دەستەواژەی دامەزراوە بەکارهاتووە مەبەستمان لێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستبەری کۆمەڵایەتییە.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

سەبارەت بە گواستنەوەی کرێکاری پێکراو بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی، دەتوانرێت بگوترێت گرنگترین ڕێکار کە خاوەنکار بیگرێتەبەر، دوای پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرێکاری پێکراو، بریتییە لە گواستنەوەی کرێکاری پێکراو بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی، ئەمەش بۆئەوەی نەبێتە هۆی مردنی کرێکارەکە، بە تایبەت ئەگەر برینەکەی سەخت بێت یاخود ببێتە هۆی زووتر چاکبوونەی، تاوەکو تووشی پەککەوتن نەبێت.

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی (٥٤)دا پێویستی کردووە لە سەر کارگێریەکان و خاوەنکارەکان، لە کاتی ڕووبەڕووی کرێکار بە پێکانی کار لە کاتی کارکردن یان بە هۆیەوەی، ئەگەر پێویست بێت، کرێکاری پێکراو بگەینن بە نزیکترین ناوەندی پزیشکی پشتپێبەستراوی دامەزراوە. لایەنی ناوبراو بەرپرسیاریەتی شارستانی و سزایان دەکەوێتە سەرشان بەرامبەر هەر شتێک، کە بە سەر کرێکاری پێکراو بێت، لە ئەنجامی دواکەوتن لە گەیاندنی بۆ ناوەندی پزیشکی. لەم ماددەیەدا ئەو ناوەندە پزیشکیە دیاریکراوە، کە پێویستە کرێکاری پێکراوی بۆ بگوازرێتەوە، بەوەی کە پشتپێبەستراوی دامەزراوە بێت، بە کارێکی باشی نازانین، ئەگەر ئەو ناوەندە پزیشکیە دووربێت لە ڕوودانی پێکانی کار، چونکە لەوەیە ڕەنگە ببێتە هۆی تەشەنەکردنی زیاتری پێکانەکە، یاخود ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی.

بە هەمانشێوە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٨)ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی بەرکار خاوەنکاری پابەندکردووە بە گواستنەوەی دەستبەجێ کرێکار بۆ نزیکترین لایەنی پزیشکی، لەو کاتەی کرێکار کە تووشی پێکان دێت لە کاتی کارکردنیدا، دووبارە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ماددەکە هیچ سزایەکی بۆ سەرپێچیکردن لەو پابەندیەشی دیارینەکردووە و تەنیا پابەندیکردووە بەو پێکانەی لە کاتی کارکردن ڕوودەدات، بەڵام دەستەواژەی 'نزیکترین لایەنی پزیشکی' بەکارهێناوە نەک 'ناوەندی پزیشکی پشتپێبەستراوی دامەزراوە' ئەمەش بە هەڵوێستێکی باش دەزانین. یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانیش، هەروەک باسمانکرد، لە ماددە (٦٥)دا پێویستی کردووە لە سەر خاوەنکار لە دۆخی ڕووودانی ڕووداوێکی پەیوەست بە کارەوە، ڕێوشوێنەکانی سەرەتایی پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی دۆخی قوربانی ڕووداوەکە، دەکرێت ئاماژە بە گواستنەوەی دەستبەجێ کرێکاری پێکراو بۆ نزیکترین لایەنی پزیشکی بدرێت، وەک یەکێک لە ڕێوشوێنە سەرەتاییە ئاماژەپێکراوەکان.

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینیش لە بڕگەکانی ١ (أ) و ٢ ی ماددەی (٧٥)دا خاوەنکاری پابەندکردووە بە گواستنەوەی کرێکاری دڵنیایی لێکراوی پێکراو دەستبەجێ دوای ڕوودانی پێکانی کار لە شوێنی کار بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان هەر لایەنێکی تایبەتمەند بە چارەسەرکردن، کە لە لایەن دامەزراوەکەوە پەسەندکراوە، لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی خاوەنکار لەو پابەندییە سزا دەدرێت بە پێبژاردنێک بە بڕی پێنج سەد دیناری ئوردنی یان هاوتاکەی بە دراوی دەستاودەستکراوی یاسایی. لەم یاسایەدا بە پێچەوانەی یاسا بەراوردکارییەکانی تر، نزیکترین نەخۆشخانە یان هەر لایەنێکی تایبەتمەند بە چارەسەرکردنی پەسەندکراو لە لایەن دامەزراوە دیاریکراوە بۆ گواستنەوەی کرێکاری پێکراو بۆی دوای ڕوودانی پێکانی کار.

بە سەرنجدانی هەڵوێستی یاسا بەراوردکارەکان، پێشنیازدەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی و عێراقی ڕێکاری پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی، بەم شێوەیە هەمواربکەنەوە: خاوەنکار پابەندە بە گواستنەوەی دەستبەجێ کرێکار بۆ نزیکترین لایەنی پزیشکی لەو کاتەی کرێکار کە تووشی پێکان دێت لە کاتی کارکردنیدا یان بە هۆی کارکردنەوە یان ڕێگای کار، لایەنی ناوبراو بەرپرسیاریەتی شارستانی و سزایان دەکەوێتەسەرشان بەرامبەر هەر شتێک کە بە سەر کرێکاری پێکراو بێت لە ئەنجامی دواکەوتن لە گەیاندنی بۆ ناوەندی پزیشکی.

## ٣. دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات

لەگەڵ پێویستی پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرێکاری پێکراو و گواستنەوەی بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی، کە لە بەشی پێشتر ڕوونمانکردۆتەوە، یاسا بەراوردکارییەکان لە ڕێگەی دابینکردنی دەستەبەری تەندروستی تر، پاراستنی

یاسایی فراوانتریان بۆ کرێکاری پێکراو جێگیر کردووە. بە شێوەیەکی گشتیش دەستەبەری تەندروستی، دابینکردن چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری و وتێچووەکانی لەخۆدەگرێت، جا چ لە ناوەوەی وڵات بێت یان دەرەوەی وڵات. لەم بەشەدا و لە دوو باسی جیاوازدا، حوکمەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی و چارەسەری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە یاسا بەراوردکارییەکاندا، دەخەینەڕوو.

### ٣.١ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە ناوەوەی وڵات

ئەو پێکانەی کرێکاری دەستەبەرکراو تووشی دەبێت لە ئەنجامی ڕووداوی کار، مافی قەرەبووکردنەوە تەندروستی بە کرێکارەکە دەبەخشێت، لە ڕێگەی دابینکردنی چاودێری و چارەسەری تەندروستی و گەڕاندنەوەی ئامادەیی جەستەیی پێکراوەکە.[1] چاودێری تەندروستی یەکێکە لەو دەستەبەرییانەی، پێویستە بۆ کرێکاری پێکراو فەراهەمبکرێت، بەو پێیەی زۆرترین پێویستی پێیەتی بە هۆی ئەو زیانانەی بەر جەستەی دەکەوێت. کرێکار کە تووشی پێکانی کار دەبێت و دەبێتە هۆی پەککەوتنی، ڕەنگە پێویستی بە شیاندنەوە هەبێت. شیاندنەوە یارمەتی گەڕانەوەی کارکردنی ئەندامە پێکراوەکە دەدات، پلەی پەککەوتنی کەمدەکاتەوە، بەشدارە لە گەڕانەوەی کرێکار بۆ کارەکەی بە بەرهەمهێنان و کارایی نزیک لە بارودۆخی پێش پێکان.[2] دابینکردنی خزمەتگوزاری شیاندنەوە بە قۆناغێکی تەواوکاری دادەنرێت بۆ چارەسەری پزیشکی کرێکاری پێکراو.

یاسا بەراوردکارییەکان ڕێکخستنی جیاوازیان بۆ بابەتی چاودێری و چارەسەری پزیشکی بۆ کرێکاری پێکراو لە ناوەوەی وڵات و تێچووەکانی کردووە. یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لە بڕگە (أ)ی مادده (٥٥)دا دەقی داوە لە سەر ئەوەی، کە "دامەزراوە پابەند دەبێت بە چاودێری و چارەسەری پێکراو، لە کاتی ئاگادارکردنەوەی بە ڕووداوەکە تا چاکبوونەوەی تەواوەتی یان مردنی. مەبەست لە چاودێری و چارەسەری، هەمان واتاکانی بۆی دیاریکراوە لە ماددەکانی (٤٥ و ٤٦) ئەو یاسایە". لە بڕگە (ب)ی مادده (٤٥) دا دیاریکردووە، مەبەست لە چاودێری تەندروستی و چارەسەری بریتییە لە: پشکنینی کلینیکی لە نۆڕینگە یان لە ماڵەوە لە کاتی پێویستدا، پێشکەشکردنی چارەسەرییەکان، پێشاندانی بە پزیشکە پسپۆڕییەکان، خەواندن لە نەخۆشخانە یان چارەخانەکان و نەشتەرگەریە توێکارییەکان، وێنەگرتنی تیشکاوی، پشکنینی تاقیگەیی و دابینکردنی خزمەتگوزاری شیاندنەوەکان لە ئەگەری پەککەوتنی، پێشکەشکردنی پەلەکان و ئامێرە پیشەسازییەکان و جێگرەوەکان و هەرچیەك دۆخی نەخۆشیەکە داوای بکات. هەروەها لە بڕگە (ت) دا هاتووە، لەگەڵ بەرکار بوونی ئەو یاسایە، دامەزراوە دەستدەکات بە دامەزراندن و پەرەپێدانی لقی دەستەبەری تەندروستی لە چوارچێوەی ڕێبازێکی هەنگاو بە هەنگاو کە دابینکردنی سەرجەم هۆکارەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری هاتوو لە بڕگەی (ب)ی سەرەوە مسۆگەربکات، لە ماوەی ئەو پەڕی سێ ساڵ. هەروەها پێویستە ڕێبازی ناوبراو دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکە چارەسەرییەکان و فەرمانگە تەندروستییەکانی تری تایبەت بە دامەزراوە لەخۆبگرێت، لەگەڵ پێکهێنانی چوارچێوەی پزیشکی پێویست بۆیان. لە بارەی مادده (٤٦)، تیایدا هاتووە، ئەو چاودێری و چارەسەرییەش بەپێی سیستەمی تەندروستی دامەزراوە و لەو شوێن و بەو شێوازانە دەبێت، کە پزیشکانی پەسەندکراو لە لایەن دامەزراوە دیاریکراووە.

هەروەها بە پێی مادده (٥١)، دامەزراوە، دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بکات بۆ سودوەرگرتن لە دەزگا و نۆڕینگە و چارەخانە و نەخۆشخانە گشتیەکانی، لە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی یان هەندێکیان، کە دامەزراوە پێیان هەڵدەستێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە. پێویستە لەم شێوە گرێبەستانەدا، ئەو گوژمە تێچووانەی دەکەوێتەسەر دامەزراوە دیاریبکرێت، لە کاتی هەڵسەنگاندنی تێچووەکان، پێویستە سەپاندنی چارەسەری گشتی بێبەرامبەر کە لە دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی بەردەستە بۆ سەرجەم هاووڵاتیان، لەبەرچاو بگیرێت.

[1] دحماني منال، الحماية القانونية من حوادث العمل والأمراض المهنية في القانون الجزائري، أطروحة دكتوراه، جامعة مولود معمري، ٢٠١٩، ١٧٣-١٧٤.

[2] علي شذان، آليات الوقاية من إصابات العمل في التشريع اليمني، بحوث جامعة الجزائر ، ٩ (١)، ٢٠١٦، ٦٤-٨٨، ٨١.

هەروەها دامەزراوە دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ پزیشکان و یاریدەدەرە پزیشکییەکان و نەخۆشخانە تایبەتیەکان بکات، تا تەواو بوونی دەزگا تەندروستییەکانی، هەروەك دەکرێت گرێبەست لەگەڵ پسپۆرە عەرەبی و بیانییەکان بکات لە کاتی پێویست بەو مەرجەی ببەسترێتەوە بە ڕەزامەندی وەزیر. کەواتە بۆمان دەردەکەیت، هەموو تێچووەکانی چاودێری و چارەسەری ئاماژەپێکراو لە ئەستۆی دامەزراوەیە جا چ لە لایەن نەخۆشخانە و بنکە چارەسەرییەکان و فەرمانگە تەندروستییەکانی تایبەت بە دامەزراوە دابین بکرێن یاخود لە لایەن نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە گشتی یان تایبەتیەکان. بەڵام یاساکە ئاماژەی بەو چاودێری و چارەسەرییە پزیشکییە نەداوە، کە پێکراوەکە لەماڵەوە پێویستی پێیەتی، نەک تەنیا لە نەخۆشخانە، چونکە لەوانەیە پێکراو پێویستی بە پەرستار هەبێت بۆ چاودێریکردنی لە ماڵەوە یان لە ماڵەوە چارەسەری پزیشکی وەرگرێت.

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی تێچووی چارەسەری پێکانی کار، دادگای کار لە هەولێر بە ژمارە (١٧٩/ک.م/٢٠٢٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٨، داوای داواکار (ع.خ.ی کرێکار) بە قەرەبووکردنەوەی تێچووی چارەسەری ڕەتکردۆتەوە، کە بە پێی داواکاریەکە لە کاتی کارکردن لە نهۆمی یەکەمی کۆمپانیا (داوالێکراو/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراو سەرەڕای پیشەکەی) کەوتۆتە خوارەوە و تووشی خلیسکانی بڕبڕەکانی بووە و نەیتوانیووە بەردەوام بێت لە کارکردن. لەم بڕیارەی دادگای کاردا هاتووە، لەبەرئەوەی بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەرچوو لە لایەن لێزانانی پزیشکی دەرکەوتووە، کە داواکار توشی هیچ نەخۆشیەک نەبووە کە ڕێگری لە کارکردنی بکات و هیچ ڕێژەی پەککەوتنی نییە، کەواتە، کرێکار تووشی هیچ نەخۆشیەک نەبووە، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبێت، بۆیە هیچ قەرەبوویەک نایگرێتەوە و داواکارییەکە ڕەتکرایەوە[1].

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق زۆر بە کورتی ڕێکخستنی بۆ ئەم بابەتە کردووە. لە بڕگەی یەکەمی مادده (٤٩)ی یاساکەدا هاتووە، کە فەرمانگە پابەندە بە چاودێری و چارەسەری دەستەبەرکراوی پێکراو لە کاتی ئاگادارکردنەوەی بە ڕووداوەکە تا چاکبوونەوەی تەواوەتی یان پەککەوتنی یان مردنی. لە مادده (٧٨)یشدا هاتووە، فەرمانگە پابەندە بە دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەر بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو لە ڕێگای گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی تەندروستی حکومی و تایبەت، یارمەتی (سوود)ەکانی دڵنیایی تەندروستی بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو، بەپێی ئەو ڕێنماییانە دیاریدەکرێت، کە لە لایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە دەرچووە و لە لایەن وەزیرەوە پەسەنددەکرێت. یاسادانەری عێراقی مەبەست لە چاودێری و چارەسەری پێکراوی و چەندایەتی و چۆنایەتی سوودەکانی دڵنیایی تەندروستیی ڕوونەکردۆتەوە، بەڵکو ئەم وردەکارییانەی بەجێهێشتووە بۆ ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەنجامی دەدات و بۆ ئەو ڕێنمایانەی لەم بارەیەوە دەردەچن، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوەش بکریت، لەگەڵ دەرچوونی ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٢٣، تاوەکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە، هیچ ڕێنمایەکی لەم شێوەیە دەرنەچووە. هەروەها تێبینی دەکرێت لەگەڵ ئەوەی لە یاساکەدا ئاماژە بە تێچووەکانی چاودێری و چارەسەری نەدراوە، ئەم تێچووانە لە ئەستۆی فەرمانگە دان لە بەرامبەر ئەو بەشدارییانەی بۆ دەستەبەرکردنی کرێکارەکە دەدرێن.

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی بە وردەکاری زیاتر ڕێکخستنی بۆ ئەو بابەتە کردووە. لە مادده (٥٤)ی یاساکەدا هاتووە، بیمەکراوەکان و ئەندامانی خێزانەکانیان[2] لەو کاتەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لە ئەگەری پێکان بە

---

[1] قرار محكمة العمل في أربيل رقم (١٧٩/ک.م/٢٠٢٣) في تاريخ ٢٠٢٤/١/٢٨ (غير منشور).

[2] بە پێی مادده (٥٨) ی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی، ئەندامانی خێزانی بیمەکراو، کە سوودمەند دەبن لە یارمەتییەکانی ئاماژەپێکراو لە مادده (٥٤)دا بریتین لە: ١. ژنی بیمەکراو. ٢. مێردی بیمەکراو، ئەگەر داهاتەکەی لە لایەن ژنی بیمەکراوەوە دابیندەکرا و تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو یان بەپێی بۆچوونی کۆمیسیۆنی پزیشکی، وەک کەمئەندام ناسێندرابێت. ٣. منداڵەکانی بیمەکراو، کە یەکێک لەو مەرجانەیان تیدا هەبێت: أ. تەمەنیان کەمتر بێت لە هەژدە ساڵی تەواو و لە حاڵەتی منداڵی مێینەدا، ئەگەر هاوسەرگیریان نەکردبێت، ئەوا تا تەمەنی بیست ساڵی یاخود بە تەنیا بە پێی پشتگیری دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فەرمی، بەردەوام بن لە خوێندن. ب. بە هۆی نەخۆشی یان کەمئەندامیەوە نەتوانن کار بکەن بە پێی بەڵگەنامەی دامەزراوەی دابینکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری. ٤. دایک و باوکی ژێر سەرپەرشتی

هۆی ڕووداوی کار یان نەخۆشییەوە، دەتوانن خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بەکاربهێنن. خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان کە لە ئەستۆی 'دامەزراوەی دابینکردنی خزمەتگوزاری چارەسەرین، هەموو ڕێککارە چارەسەرییە نەخۆشخانەییەکان، و پێدانی دەرمانی پێویست و ئەنجامدانی پشکنینی دەستنیشانکردنی پزیشکی لەخۆدەگرێت.

لە مادده (٥٥)دا هاتووە، خزمەتگوزاری چارەسەری بابەتی ئەم یاسایە بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێت: ١. شێوازی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو بیمەکراوانەی، کە پزیشک و کلینیک و نەخۆشخانە و ئامرازەکانی چارەسەری تری سەر دامەزراوە بەکاردەهێنن. ٢. شێوازی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەو بیمەکراوانەی ئازادییان هەیە لە هەڵبژاردنی پزیشک، کلینیک یان نەخۆشخانە، و دامەزراوە ئەرکە چارەسەریەکانی خۆی لە ڕێگەی کڕینی خزمەتگوزارییە چارەسەریەکانەوە جێبەجێدەکات. ڕێککارەکانی سوودوەرگرتن لەم شێوازانە بە پێی ڕێنمایی دەبێت، کە بە گوێرەی ئەم یاسایەوە دەردەچێت. یاسای ئێرانی گرنگی بە بابەتی شیاندنەوەی کرێکاری پێکراو داوە، لە مادده (٥٦)دا دەقی لە سەر ئەوە داوە، بە مەبەستی شیاندنەوە و گەڕاندنەوە و نوێکردنەوەی چالاکییەکانی بیمەکراوانی پێکراو، کە توانای سەرەتایی کارکردنیان لە دەستداوە، دامەزراوەی خزمەتگوزاری چارەسەری هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ دامەزراندنیان لە کارە گونجاوەکانی تردا، لە ڕێگەی دامەزراوە پیشەییەکانی کەمئەندامان.

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینش لە بڕگەی یەکەمی مادده (٧٢)دا ئاماژەی بەوە داوە، خزمەتگوزاری یاخود سوودەکانی دڵنیایی پێکانەکانی کار، چاودێری پزیشکیش لەخۆدەگرێت، کە بەپێی بارودۆخی تەندروستی پێکراوەکە پێویستە. تێبینیدەکرێت، یاساکە دەقی لە سەر ناساندنی ئەم چاودێریە پزیشکییە نەداوە، بەڵام فەڵەستین ڕێنمایی تایبەت بەم یاسایەی دەرکردووە بە ناوی 'ڕێنمایی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٨ی تایبەت بە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی سوودەکانی چاودێری پزیشکی'[1] کە وردەکاری لەم بارەیەوە لەخۆدەگرێت. لە ماددەی یەکەمی ئەم ڕێنماییەدا پێناسەی چەمکی "چاودێری پزیشکی" کراوە بەوەی بریتییە لەو: "خزمەتگوزارییە پزیشکییانەی دڵنیایی لێکراوی پێکراو پێویستی پێیانە بۆ چارەسەرکردنی بە هۆی پێکانی کارەوە، لەوانەش دەرمانەکان، پێداویستییە پزیشکییەکان، پشکنینە کلینیکی و تاقیگەیی و تیشکدارییەکان و چارەسەری سروشتی، نەشتەرگەرییەکان و مانەوە لە نەخۆشخانە و ئەوانی تر (غیرها)".

یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٧٤)دا دەقی لە سەر تێچووەکانی چاودێری پزیشکی داوە، کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن: أ. تێچووەکانی چارەسەری پزیشکی و مانەوە لە نەخۆشخانە. ب. تێچووەکانی گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی کار یان لە شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئەو شوێنەی کە چارەسەری بۆ دەکرێت و گەڕاندنەوە بۆ شوێنەکە. ج. دابینکردنی خزمەتگوزاری و کەرەستەکانی شیاندنەوە، لەوانەش ئەندامە دەستکردەکان کە جۆر و ئاستیان لە لایەن دەسەڵاتی پزیشکییەوە دیاریدەکرێت. هەروەها لە بڕگەی (٢)ی ماددەکەدا هاتووە، ئەنجومەن ڕێنمایی پەیوەندیدار بە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە دەردەکات.

هەروەها لە ماددەی (٧٦)ی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینیدا هاتووە، کە ١.دامەزراوە چارەسەری پێکراوە دەگرێتە ئەستۆ تا ئەو کاتەی کە چاکبوونەوە یان پەککەوتن یان مردنی بە هۆی پێکانی کارەوە دەسەلمێنرێت بە بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی، بەپێی دیاریکردنی ئەو پەیڕەوەی دەرچووە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە. ٢. ئەگەر بارودۆخی تەندروستی کەسی دڵنیایی لێکراو، کە باری تەندروستی بە سەلماندنی پەککەوتنی تەواوەتی هەمیشەیی پێکراوی یان پەککەوتنی بەشەکی هەمیشەیی پێکراوی جێگیر بووە، وا پێویست بکات، پێویستە دەسەڵاتی پزیشکی دانیپێدابنێت یاخود بڕیار بدات لە بارەی چەندایەتی پێویستی پێکراو بە دەرمان و پێداویستی پزیشکی پێویست بۆ بەردەوامی ژیانی، لەو بارودۆخەدا دامەزراوە تێچووە پەیوەندیدارەکان لەئەستۆدەگرێت. ٣. ئەگەر پێکراو تووشی دووبارەبوونەوەی دۆخەکە یان زۆربوونی ئاڵۆزییەکان بوو بە هۆی پێکانەکەیەوە لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕێکەوتی جێگیربوونی بارودۆخەکەیەوە، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی پزیشکی بڕیار بدات لە سەر دووبارە پێویستی پێکراو بە چارەسەرکردن. ٤. دامەزراوە تێچووەکانی

---

بیمەکراو، بەومەرجەی تەمەنی باوک لە شەست ساڵ و تەمەنی دایک لە پەنجا و پێنج ساڵ زیاتر بێت، یان بەپێی بۆچوونی کۆمیسیۆنی پزیشکی کەمئەندام بن و لە هەر حاڵەتێکدا مووچەی خانەنشینی لە دامەزراوە وەرنەگرن.

[1] تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨م بآليات تطبيق منافع العناية الطبية، الوقائع الفلسطينية، العدد (١٤٨) ، ٢٠١٨/١٠/٢٣.

گواستنەوەی کرێکاری دڵنیایی لێکراوی پێکراو لەئەستۆدەگرێت بەو شێوەیەی لە بڕگەی (١/ب)ی مادده (٧٤)دا هاتووە، پێمان وایە بڕگەی (٤) زیادەیە و هەمان پابەندییە، کە لە بڕگەی (١/ب)ی مادده (٧٤)دا هاتووە.

لە مادده (٤)ی ڕێنمایی فەڵەستینیدا هاتووە، دامەزراوە بەرپرسیارە لە هەموو ئەو خەرجییانە دروست دەبن لە پێشکەشکردنی چاودێری پزیشکی بۆ کرێکاری پێکراوە، بەپێی لیستی بنچینەیی[1] نرخەکانی چارەسەری پەسەندکراو لە لایەن ئەنجوومەنەوە (ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوە) و لە مادده (٥)دا هاتووە، کە دامەزراوە بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی چاودێری پزیشکی بۆ پێکراو لە ناوەخۆی وڵات لەو ناوەندە چارەسەرییانەی پەسەندی کردوون، بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

1. پلەی مانەوە لە نەخۆشخانە دیاریدەکرێت، بەپێی لیستی بنچینەیی نرخی تێچووەکانی چارەسەری پەسەندکراو لە لایەن دامەزراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو حاڵەتانەی پێویستی بە چاودێری تایبەت یان دابڕانی تەندروستی هەیە.
2. پێکراو مافی هەیە پلەی مانەوە لە نەخۆشخانە کە لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بگۆڕێت لە سەر خەرجی تایبەتی خۆی، بەبێ ئەوەی دامەزراوە بەرپرسیار بێت لە هیچ خەرجییەکی زیادە کە لە گۆڕینی ئەم پلەیە سەرچاوە دەگرێت.
3. لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتی پزیشکی بڕیار دەدات، کە پێکراو پێویستی بە یاوەرێک هەیە لە ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانە، دامەزراوە تێچووی مانەوەی لە نەخۆشخانە لەئەستۆدەگرێت بە هەمان پلەی مانەوەی پێکراوەکە.
4. دامەزراوە تێچووی پەرستاری ماڵەوە لەئەستۆدەگرێت، ئەگەر دەسەڵاتی پزیشکییەکە بڕیاری دا پێکراو پێویستی پێیەتی.
5. دامەزراوە پابەندە بە خەرجکردنی خەرجییەکانی چاودێری پزیشکی بەپێی ڕادەی هەرەکەم لە لیستی بنچینەیی نرخەکانی چارەسەری پەسەندکراو، دامەزراوە بۆی هەیە لائیحە دەربکات بۆ خەرجیەکانی چاودێری پزیشکی، کە لەم لیستەدا نەهاتوون.
6. دامەزراوە پابەندە بە لەئەستۆگرتنی خەرجییەکانی خزمەتگوزاری و کەرەستەکانی شیاندنەوە بۆ پێکراو، لەوانەش ئەندامە دەستکردەکان و چاککردنەوەیان، ئەگەر سەلمێنرا، کە پێکراو پێویستی پێیەتی بە بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی.

لە ماددەی (٧)ی ڕێنماییەکەشدا هاتووە، کە خەرجییەکانی گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی کارەکەی یان شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئەو ناوەندەی چارەسەرییەکەی تێدا دەکرێت و بەپێچەوانەشەوە، لەوانەش سەردانەکانی بۆ دەسەڵاتی پزیشکی، خەرجدەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە: ١. شوێنی پێکان لە جەستە و توندییەکەی. ٢. شوێنی نیشتەجێبوونی پێکراو و ناوەندی کارەکەی. ٣. ژمارەی سەردانەکان، کە دامەزراوە پەسەندیان دەکات، بەپێی بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی. هەروەها بە پێی مادده (٨)ی ڕێنماییەکە، دامەزراوە پابەندە بە پێدانەوەی خەرجییەکان بە خاوەنکار (دروستکراوە/المنشأة)، لەو بارەی خاوەنکار هەڵدەستێت بە لەئەستۆگرتنی خەرجییەکانی چاودێری پزیشکی بۆ پێکانی کار، کە لە لایەن دامەزراوە پەسەندکراوە، بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە. لە مادده (٩)ی ڕێنماییەکەشدا هاتووە، دامەزراوە پابەندە بە پێشکەشکردنی سوودە پزیشکییەکان بۆ پێکراو لە ڕێکەوتی ڕوودانی پێکانەوە تا سەلماندنی باری چاکبوونەوەی یان پەککەوتنی یان مردنی کە لە پێکانی کارەوە دروست دەبێت.

لەوەی خستمانەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت، یاسای بەرکار لە کوردستان مەبەست لە چاودێری تەندروستی و چارەسەری بە وردەکارییەوە ڕوونکردۆتەوە. هەروەها یاسادانەری فەڵەستینی چەمکی "چاودێری پزیشکی"ی پێناسە کردووە. بە پێچەوانەوە، یاسای بەرکار لە عێراق مەبەستی 'چاودێری تەندروستی و چارەسەری' ڕوونەکردۆتەوە. یاسای ئێرانی جیاوازتر لە هەموو یاسا بەراوردکارییەکان چەمکی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانی بەکارهێناوە و جگە لە بیمەکراو، ئەندامانی خێزانی بیمەکراویشی بە سوودمەند لەو خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان داناوە. سەبارەت بە تێچووی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو لە ناوەوەی وڵات، بۆمان دەردەکەوێت گشت یاساکان ئاماژەیان داوە بە لەئەستۆگرتنی تێچووەکانی چاودێری و چارەسەری پێکراو لە ناوەوەی وڵات لە لایەن دامەزراوە، بەڵام ڕێکخستنیان بۆ ئەم بابەتە

[1] بە پێی مادە (١)ی ڕێنمایی مەبەست لە لیستی بنچینەیی: لائیحەی نرخەکانی تێچووی چارەسەرییە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنامانەی کە دامەزراوە لەگەڵ ناوەندە چارەسەرییە تایبەت و گشتییەکانی ناوەخۆ یان دەرەوەی وڵات دەبەستێت.

جیاوازە. یاسای بەرکار لە کوردستان و عێراق و ئێران زۆر بە کورتی و گشتی ڕێکخستنیان بۆ بابەتەکە کردووە و زۆر جۆر تێچووی چاودێری و چارەسەری پزیشکی هەن، کە ئاماژەیان پێ نەکردوون و ڕێکخستینیان بۆ چەندین لایەنی پەیوەندیدار بە بابەتەکە نەکردووە، وەک ئەوانەی لە یاسا و ڕێنماییەکانی فەڵەستین هەیە. لە یاسای بەرکاری فەڵەستینی گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی کار یان لە شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئەو شوێنەی چارەسەری بۆ دەکرێت و گەڕاندنەوە بۆ شوێنەکە دیاریکراوە. هەروەها بەپێی ڕێنماییەکە، دامەزراوە تێچووی یاوەرەیش لە نەخۆشخانە لە ئەستۆدەگرێت و ئاماژە بەو تێچووانەش کراوە کە کرێکار پێویستی بە پەرستارە لە ماڵەوە، هەروەها دانەوەی ئەو تێچوانە بە خاوەنکار، ئەگەر خۆی تێچووەکانی خەرجکردبێت. بۆیە پێشنیازدەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی و عێراقی هاوشێوەی یاسای فەڵەستینی چەمکی چاودێری تەندروستی و چارەسەری پێناسە بکەن و هاوشێوەی یاسادانەری ئێرانی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بۆ ئەندامانی خێزانی بیمەکراویش دابینبکەن، و هەروەها هاوشێوەی یاسا و ڕێنمایی فەڵەستینی ڕێکخستن بکەن بۆ تێچووی گواستنەوەی پێکراو و تێچووی یاوەر و تێچووی چاودێری لە ماڵەوە و دانەوەی ئەو تێچوانە بە خاوەنکار، ئەگەر ئەو خەرجی کردبێت، ئەمەش لە ڕێگەی دەرکردنی ڕێنماییەکی تایبەت بەو بابەتانە.

### ٣.٢ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە دەرەوەی وڵات

لەگەڵ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو لە ناوەوەی وڵات لە لایەن دامەزراوە و خەرجکردنی تێچووەکانیان کە لە گشت یاسا بەراوردکارییەکان بوونی هەیە، هەندێک لە یاساکان چاودێری و چارەسەرییان لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کرێکاری پێکراو دابینکردووە، بەو مەرجەی چارەسەری پێویست یان تەواوەتی نەبێت لە ناوەوەی وڵات بە هۆی سەختی پێکانەکەی یان هەر هۆکارێکی دیکە، کە هەموو ئەم چارەسەرییانە پێوستیان بە خەرجی هەیە، کە دامەزراوە ئەو خەرجییانەش لەئەستۆدەگرێت.

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لە بڕگە (ج)ی مادده (٥١)دا دەقی لە سەر ئەوە کردووە، کە "لە بارەکانی پێکانی کاری سامناک کە هۆکاری پزیشکی تەواو بەردەست نییە بۆ چارەسەرکردن و چاودێریکردنی لە عێراقدا، بۆ دامەزراوە هەیە پێکراو ڕەوانەی دەرەوە بکات لە سەر خەرجی خۆی، ئەگەر لیژنەی پزیشکی باڵا ڕاسپاردەی لە سەر ئەوە بکات". لێرەدا تێبینی دەکرێت ناردنە دەرەوی کرێکاری پێکراو لە ئەنجامی پێکانی سامناک بە شێوەی پابەندی بە سەر دامەزراوە نەسەپێنراوە، هەروەها چەندایەتی ئەو خەرجی و تێچووانە ڕووننەکرایتەوە، کە دامەزراوە لەئەستۆدەگرێت لە باری ناردنە دەروەی کریکاری پێکراودا، کە ئایا تەنیا تێچووی چاودێری و چارەسەرکردنەکە لەخۆدەگرێت یاخود تێچووی چوون و گەڕانەوە و مانەوە و ئەوانی تریش. لە لایەکی ترەوە، ئەو بڕگەیە دەقی لە سەر یاوەری پێکراو و تێچووەکانی نەداوە، ئەگەر پێکراو پێویستی بە یاوەرێک هەبێت لەگەڵی بچێت، کە زۆربەی جار بۆ پێکراو لە بارەکانی پێکانی کاری سامناک، زەحمەتە بە تەنها بتوانێت گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بکات.

هەریەک لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی ڕێکخستنیان بۆ ئەم بابەتە نەکردووە و هێچ دەقێکیان لەم بارەیەوە نەداوە. لەگەڵ ئەوەی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینیش ئاماژەی بە چاودێری و چارەسەری کرێکاری پێکراو لە دەرەوەی وڵات نەداوە، بەڵام لە ڕێنماییەکانی کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، ڕێکخستنێکی ورد و گونجاوی بابەتەکەی کردووە.

لە مادده (٦)ی ڕێنمایی فەڵەستینی تایبەت بە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی سوودەکانی چاودێری پزیشکی، ڕێکخستنی یاسایی بۆ چاودێری پزیشکی لە دەرەوەی وڵات و تێچووەکانی کراوە کە تیایدا هاتووە دامەزراوە بەرپرسیارە لە چارەسەرکردنی پێکراو لە دەرەوەی وڵات، لە کاتێک نەتوانرێت لە ناوەوەی وڵات چارەسەر وەربگرێت، بەپێی ئەم ڕێککارانە: ١. دەرچوونی بڕیارێک لە لایەن دەسەڵاتی پزیشکییەوە، کە دیاریکردنی لایەنی چارەسەری لەخۆبگرێت. ٢. دامەزراوە پابەندە بە لەئەستۆگرتنی تەواوی تێچووەکانی چاودێری پزیشکی بەپێی نرخەکانی لیستی بنچینەیی. ٣. دامەزراوە پابەندە بە لەئەستۆگرتنی تەواوی خەرجییەکانی گواستنەوە بۆ دەرەوەی وڵات چوون و گەڕانەوە. ٤. دامەزراوە پابەندە بە لەئەستۆگرتنی تەواوی خەرجییەکانی گواستنەوەی یاوەری، ئەگەر سەلمێنرا پێکراو پێویستی پێیەتی، بە بڕیارێک لە لایەن

دەسەڵاتی پزیشکیەوە. ٥. پێویستە دامەزراوە پێشینەی دارایی بۆ پێکراو خەرجبکات، دوای پەسەندکردنی چارەسەرکردنی لە دەرەوەی وڵات، بەپێی لیستی بنچینەیی نرخەکانی خەرجییەکانی گەشتکردن کە ئەنجوومەن پەسەندی دەکات. ٦. چارەسەرکردن لە دەرەوەی وڵات بە هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوە و باڵیۆزخانەی فەڵەستینی لەو وڵاتەدا ئەنجامدەدرێت، کە پێکراو تێدا چارەسەر دەکرێت.

بە سەرنجدانی هەڵوێستی یاسا بەراوردکارییەکان بۆمان دەردەکەوێت، یاسای بەرکار لە کوردستان تەنها دەقی لە سەر ئەوە داوە، بۆ دامەزراوە هەیە لە بارەکانی پێکانی کاری سامناک، کە هۆکاری پزیشکی تەواو بەردەست نییە لە عێراقدا، پێکراو ڕەوانەی دەرەوە بکات و تێچووەکەی بدات. واتا، ئەو ناردنە دەرەوەی پێکراو لەو بارانەدا بۆ دامەزراوە بە شێوەی پابەندی نییە، بەڵکو ئارەزوومەندانەیە. هەروەها بڕ و جۆری تێچووەکانی ناردنە دەرەوەش، کە دامەزراوە لەئەستۆدەگرێت ڕوونەکراووەتەوە. لە لایەکی ترەوە، باسی یاوەری پێکراو و تێچووەکانی نەکراوە. هەریەک لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی بەرکار لە عێراق و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێرانی ڕێکخستنیان بۆ ئەم بابەتە نەکردووە و لەگەڵ ئەوەی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی فەڵەستینیش ئاماژەی بە چاودێری و چارەسەری پێکراو لە دەرەوەی وڵات نەداوە، بەڵام لە ڕێنماییەکەیدا ڕێکخستنێکی ورد و گونجاوی بابەتەکەی کردووە.

ڕێنمایی فەڵەستینی بە پێویستی داناوە، کە بە بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی لایەنی چارەسەرکردن دیاریبکرێت، هەروەها ئەو تێچووانەی لەئەستۆی دامەزراوەیە دیاریکراوە، کە تەواوی تێچووی چارەسەرکردن و گواستنەوەی کرێکار و یاوەرەکەی، لەخۆدەگرن، ئەگەر پێویست بوو و بە پێی ڕێنمایی ئەو چارەسەرکردنە بە هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوە و باڵیۆزخانەیان لەو وڵاتەی ئەنجام دەدرێت، کە چارەسەریەکە تێدا وەردەگرێت. لە بارەی پێدانی پێشینەی دارایی بە پێکراو، ڕێنمایی فەڵەستینی دامەزراوەی پابەندکردووە بە دانی ئەم پێشینەیە بە پێکراو. هەروەها هیچ یەک لە ڕێکخستنە یاساییەکان باسیان لە پابەندی دامەزراوە نەکردووە، لە حالەتێکدا ئەگەر کرێکاری پێکراو بە خۆی هەڵستا بە وەرگرتنی چارەسەری لە دەرەوەی وڵات، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی پزیشکی بڕیاری لە سەر بدات. بۆیە پێشنیاز دەکەین لە هەرێمی کوردستان ڕێنمایەک دەربچێت، کە ڕێکخستن بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو و تێچووەکانی لە دەرەوەی وڵات بکات، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە ڕێنمایی فەڵەستینی وەرگرێت

سەبارەت بە دەستەبەرییە تەندروستییەکان، کە کرێکار شایستەیان دەبێت لە کاتی پێکانی کار، بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە لە هەرێمی کوردستان، چاوپێکەوتنکراوەکان لە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ توێژەران ئاماژەیان بەوە داوە، کە هیچ یەک لە دەستەبەرییە تەندروستییەکانی ئاماژە پێکراو بەو شێوەیەی کە یاسا ئاماژەیان پێ دەکات، لە ڕووی کرداریی و ژیانی ڕۆژانە بوونیان نییە. بە واتایەکی تر، دامەزراوە هەڵنەستاوە بە دامەزراندن و پەرەپێدانی لقی دەستەبەری تەندروستی، هەڵنەستاوە بە دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکە چارەسەرییەکان و فەرمانگە تەندروستییەکانی تری تایبەت بە خۆی، دامەزراوە هەڵنەستاوە بە بەستنی گرێبەست نە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ سودوەرگرتن لە دەزگا و نۆڕینگە و چارەخانە و نەخۆشخانە گشتییەکانی و نە لەگەڵ پزیشکان و یاریدەدەرە پزیشکییەکان و نەخۆشخانە تایبەتیەکانی تا تەواو بوونی دەزگا تەندروستییەکانی خۆی و نە لەگەڵ پسپۆڕە عەرەبی و بیانییەکان لەکاتی پێویست. سەبارەت بە ڕەوانەکردنی کرێکاری پێکراو لە بارەکانی پێکانی کاری سامناک، کە هۆکاری پزیشکی تەواو بەردەست نییە بۆ چارەسەرکردن و چاودێریکردنی لە عێراقدا، ژمارەیەک لە چاوپێکەوتنکراوەکان باسیان لەوە کردووە، کە هیچ کرێکارێکی پێکراووی وا نەبووە، کە پێویست بوو بێت بنێردرێتە دەرەووی وڵات، تەنیا لە ناوەوە چارەسەرکراون.[1] لەوەی باسمانکرد بۆمان

[1] چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ: نزمی موسی عثمان، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٢؛ شنۆ طه حمه شریف، بەرپرسی بەشی خانەنشینی و قەرەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٣؛ فەرمان فرحان حمد علی، پشکنەر لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٣؛ گۆران احمد رشید، پشکنەر لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٣؛ تەمەن شوان صابر، بەڕێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٤؛ ئەردەلان محی الدین محمد، بەرپرسی بەشی پشکنین و بەشدارییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و

دەدرەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی کردارییەوە، حوکمە یاساییە پەیوەندیدارەکان بە دەستەبەرییە تەندروستییەکان جێبەجێناکرێن و ئەم دەستەبەرییانە بوونیان نییە و کرێکاری پێکراو لە نەخۆشخانە گشتییەکان وەک هەر نەخۆش و پێکراوێکی ئاسایی چارەسەر وەردەگرێت، لەگەڵ دانی بەشدارییەکان کە بەشێکی بۆ دەستەبەری تەندروستی دەڕوات، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە دامەزراوە کار بە یاسا بکات و ئەم دەستەبەرییانە بۆ کرێکاران دەستەبەربکات، بەو شێوەیەی لە یاساکەدا هاتوون، بە لەبەرچاوگرتنی پێشنیازەکانمان بۆ هەمووارکردنیان.

## ٤.کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە دەستەبەرییە تەندروستییەکانی کرێکاری پێکراو، توێژەران بە کۆمەڵە دەرەنجامێک گەیشتن و ژمارەیەک پێشنیازیش دەخەنەروو، بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.٤ دەرئەنجامەکان

١. یاساکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و عێراق پێناسەیان بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو کردووە، بەڵام پێناسەی گونجاو نین. هەردوو یاساکان پێناسەی تاڕادەیەک هاوشێوەیان بۆ پێکانی کار کردووە، لە پێناسەکەدا دەستەواژەی 'کاتی کارکردن یان بە هۆی کارکردن' بەکارهاتووە، بە بێ ڕوونکردنەوەی مەبەستی دیاریکراوی هەریەکەیان، کە ئەمەش بە هەڵوێستێکی دروستی نازانین، چونکە دەرفەتی تەفسیرکردنی جیاواز لەخۆدەگرێت. هەروەها هەردوو یاساکە 'کاتی چوونی ڕاستەوخۆی بۆ کار یان گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ لەکاریان' بەکارهێناوە، بێ ئەوی مەرج و شێوازی کاتی چوون و گەڕانەوە و ڕێگایەکە بە وردی ڕوونبکەنەوە.

٢. بە پێی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، پێویستە لە سەر کارگێرییەکان و خاوەنکارەکان دەستبەجێ دەستپێشخەری بکەن بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرێکار لە کاتی ڕوودانی پێکانی کار و پێکان بوونی، بە پێچەوانەوە بەرپرسیاریەتی شارستانی و سزایان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام یاسای بەرکاری عێراقی خاوەنکاری پابەند نەکردووە بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی لەو کاتەی پێکانەکە بە هۆی کارکردنەوە بێت و هیچ سزایەکی بۆ سەرپێچیکردن لەو پابەندییەش دیارینەکردووە.

٣. بە پێی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، پێویستە کارگێری و خاوەنکارەکان کرێکاری پێکراو بگەینن بە نزیکترین ناوەندی پزیشکی پشتپێبەستراوی دامەزراوە، بە پێچەوانەوە بەرپرسیاریەتی شارستانی و سزایان دەکەوێتەسەرشان بەرامبەر هەر شتێک کە بە سەر کرێکاری پێکراو بێت، لە ئەنجامی دواکەوتن لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەیان. لە یاساکەدا ئاماژە بەوە دراوە، ئەو ناوەندە پزیشکە دەبێت پشتپێبەستراوی دامەزراوە بێت، کە بە کارێکی باشی نازانین، چونکە ئەگەر ئەو ناوەندە پزیشکیە دووربێت لە ڕوودانی پێکانی کار، ڕەنگە ببێتە هۆی تەشەنەکردنی زیاتری پێکانەکە یاخود ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی کرێکار پێکراوەکە. بەڵام یاسای بەرکاری عێراقی تەنها خاوەنکاری پابەندکردووە بە گواستنەوەی دەستبەجێ کرێکار بۆ نزیکترین لایەنی پزیشکی، بێ ئەوەی هیچ سزایەکی بۆ سەرپێچیکردن لەو پابەندیە دیاریکردبێت، دەستەواژەی 'نزیکترین لایەنی پزیشکی' بەکارهێناوە، کە ئەمەش بە هەڵوێستێکی باش دەزانین.

٤. یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان دەقی لە سەر پابەندکردنی دامەزراوە بە چاودێری و چارەسەری پێکراو داوە و چەمکی چاودێری تەندروستی و چارەسەری ڕوونکردۆتەوە، هەروەها بە پێویستی داناوە کە دامەزراوە هەڵبستێت بە دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکە چارەسەرییەکان و فەرمانگە تەندروستییەکانی تری تایبەت بەخۆی و دەسەڵاتی بە

دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٤؛ هەژار یونس علی، بەڕێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/سۆران، سۆران، ٢٠٢٥/٨/١٥؛ دنیا کمال تقی الدین، بەرپرسی بەشی خانەشینی و قەرەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/سۆران، سۆران، ٢٠٢٥/٨/١٥؛ شمس الدین نصرالله الیاس، پشکنەر لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/سۆران، سۆران، ٢٠٢٥/٨/١٥.

دامەزراوە داوە کە گرێبەست لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانە تایبەتیەکان و دکتۆرەکان بکات بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی یان هەندێکیان، بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە، زۆربەی ئەم دەستەبەرییە تەندروستییانە بوونیان نییە. یاسای بەرکار لە عێراق، فەرمانگەی پابەندکردووە بە چاودێری و چارەسەری دەستەبەرکراوی پێکراو بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی تەندروستی حوکمی و تایبەت، بەڵام چەمکی چاودێری و چارەسەری پێکراوی و چەندایەتی و چۆنایەتی سوودەکانی دڵنیایی تەندروستی ڕوونەکردۆتەوە، بەڵکو ئەم وردەکارییانەی بەجێهێشتووە بۆ ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەنجامی دەدات، بۆ ئەو ڕێنمایانەی لەم بارەیەوە دەردەچن، بەڵام تاوەکو نووسینی ئەم ماستەرنامەیە هیچ ڕێنمایەکی لەم شێوەیە دەرنەچووە. هەردوو یاساکە دامەزراوەیان پابەندکردووە بە دابینکردنی ئەو دەستەبەرییە تەندروستییانە تەنیا بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو و نەک بۆ ئەندامانی خێزانی دەستەبەرکراویش.

٥. بە پێی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، دامەزراوە تێچووی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کرێکاری پێکراو لە ناوەوەی وڵات لە ئەستۆیدەگرێت، بەڵام لە هەردوو یاساکەدا وردەکاری ئەو تێچوانە ڕوونەکراونەتەوە و دەقیان لە سەر ئەو تێچوانە نەداوە کە کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراوە لە ماڵەوە پێویستی پێیەتی و ئەوانەش کە پەیوەستن بە گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی نیشتەجێبوونی یان شوێنی کار بۆ شوێنی چارەسەری و گەڕاندنەوە بۆ شوێنەکە.

٦. یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان ڕێگەی بە دامەزراوە داوە، کرێکاری پێکراو ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات لە سەر خەرجی خۆی، لە بارەکانی پێکانی کاری سامناک، کە هۆکاری پزیشکی تەواو بەردەست نەبن بۆ چارەسەرکردن لە عێراقدا، کە ئەم ڕەوانەکردنە بۆ دامەزراوە بە شێوەی پابەندی نییە، بەڵکو ئارەزوومەندانەیە، هەروەها چۆنیەتی ڕەوانەکردن و چەندایەتی خەرجی و تێچووەکانی ڕوونەکراووەتەوە. یاسای بەرکار لە عێراق دەقی لە سەر ئەم بابەتە نەداوە و هیچ ڕێکخستنێکی بۆ نەکردووە.

٤.٢ پێشنیازەکان:

أ. پێشنیاز دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردن بۆ یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٢٣ دەربکات، لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم هەموارانەی خوارەوە، هەروەها پێشنیازیش دەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٢٣ هەموار بکات بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لە ماددەی (١)ی یاساکە هەمواردەکرێت و چەند دەستەواژەیەکی تریش بۆ ماددەکە زیاددەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

کرێکاری دەستەبەرکراو: هەموو کەسێکی سروشتی، چ نێر بێت یان مێ، لە ژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی خاوەن کار کارێک بکات یان کاری کردبێت، چ بە گرێبەستی نووسراوبێت یان زارەکی، بە شێوەی ڕاشکاو بێت یان ناڕاشکاو، یان لە سەر شێوەی ڕاهێنان بێت یان تاقیکردنەوە، لە بەرامبەر کرێیەک، لە هەر جۆرێک بێت و بڕی بەشدارییەکانی دەستەبەرکردنی بدرێت بە سندوقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە بەرامبەر دەستەبەری و خزمەتگوزارییەکان، کە لە لایەن سندوق پێشکەش بە کرێکارانی دەستەبەرکراو دەکرێن.

کرێکاری دەستەبەرکراوی پێکراو: هەموو کرێکارێکی دەستەبەرکراو کە لە ئەنجامی پێکانی کار تووشی پەککەوتنی کاتی یاخود هەمیشەیی دەبێت، جا تەواوەتی بێت یان بەشەکی.

دووەم: ماددەیەک لە بەشی هەشتەم (لقی پێکانەکانی کار و نەخۆشی و نەخۆشییە پیشەییەکان) زیاددەکرێت، کە تێدا مەرج و شێوازەکانی پێکانی کار دیاریدەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

پێکانی کار هەریەک لەو ڕووداوانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

١. ڕووداوی کار: ڕووداوێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکەی، کە لە ماوەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە شوێنی تەرخانکراو بۆ ئەنجامدانی کارەکە یان پەیوەندیدار بەوەوە ڕوودەدات، یان لە هەر شوێنێک کە کرێکار کە تیایدا ئامادە نەدەبوو تەنها بە هۆی کارەکەیەوە نەبێت، بە فەرمانی خاوەنکار؛ ڕووداوێک کە لە ماوەی گونجاودا پێش یان دوای کاتژمێرەکانی کارکردن ڕوودەدات پەیوەندیدار بێت بە گواستنەوە، پاککردنەوە، ئامادەکردن، دڵنیایکردن، پاراستن، کۆگاکردن، بەرگتێگرتن یان پڕکردنەوەی ئامێرەکانی کارکردن یان جلوبەرگەکانی. ئەو ڕووداوانەی بە سەر دەستەبەرکراودا لە کاتی هەوڵدان یان هەستان بۆ ڕزگارکردن و یارمەتیدانی دەستەبەرکراوانی دیکە ڕوودەدەن، بە ڕووداوی پەیوەست بە کار دادەنرێت.

٢. ڕووداوی ڕێگای کار: بۆئەوەی ڕووداوی ڕێگا بە پێکانی کار هەژماربکرێت مەرجە:

أ. ڕووداوێک لە ماوەی چوونی دەستەبەرکراو لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی یان کاتی خۆی بۆئەوەی بچێتەسەر کارەکەی یان بگەڕێتەوە لێ. شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بۆ دەستەبەرکراوی سەڵت شوێنی نیشتەجێبوونی دایک و باوکیەتی، مەگەر شوێنێکی سەربەخۆی هەبێت بۆ دەستەبەرکراوی خێزاندار، شوێنی نیشتەجێبوونی هاوسەرەکەیەتی. شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی ئەو شوێنەیە، کە دەستەبەرکراو بە شێوەیەکی نائاسایی بۆ نیشتەجێبوون بەکاریدەهێنێت، بە مەرجێک ڕووداوەکە لە ناو شوێنی نیشتەجێبوون ڕوونەدات.

ب. ڕووداوەکە ڕووبدات لە کاتی چوونی دەستەبەرکراو بۆ کارەکەی یان گەڕانەوە لێی بە شێوەیەکی ئاسایی یان بە ڕێگایەکەی پەسەندکراو، شێوەکە بە ئاسایی دادەنرێت کاتێک دەستەبەرکراو ڕێگای ناسراو بگرێتەبەر بۆ گەیشتن لە شوێنی نیشتەجێبوونیەوە بۆ شوێنی کار و گەڕانەوە لێی، بە بێ هیچ لادان یان وەستان یان دواکەوتنی کاتی بێ بیانوو و ڕێگایەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت، کاتێک ڕێگایەکی جیا لەوەی ناسراوە بگرێتەبەر بۆ بارودۆخی ناهەموار کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی باوەڕی پێیەتی.

٣. بۆئەوەی ڕووداوێک بە پێکانی کار هەژماربکرێت، مەرجە پەیوەندییەکی هۆکاری لە نێوان ڕووداوەکە و کاری دەستەبەرکراودا هەبێت، لە ڕووداوەکەوە زیانێکی جەستەیی یان دەروونی دروست ببێت، کە کاریگەری لە سەر جەستەی دەستەبەرکراوەکە هەبێت.

٤. نەخۆشی پیشەیی: بۆئەوەی بە نەخۆشی پیشەیی هەژماربکرێن، پێویستە پەیوەندی هۆکاری هەبێت لە نێوان نەخۆشییەکە و ئەو کارەی دەستەبەرکراو ئەنجامی دەدات، دەستەبەرکراو لە پیشەیەکی دیاریکراودا کاربکات، کە بەرکەوتنی بەردەوامی لەگەڵ هۆکارەکانی توشبوونی نەخۆشییەکە هەبێت، ماوەی بەرکەوتن بە هۆکارەکانی توشبوونی نەخۆشییەکە دەبێت لە ڕووی زانستییەوە بەس بێت بۆ توشبوون بە نەخۆشییەکە.

سێیەم: برگەی یەکەمی ماددەی (٤٨) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: ١. خاوەنکار پابەندە بە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی پێویست بۆ پێکراو لەو کاتەی کرێکار تووشی پێکان دێت لە کاتی کارکردنیدا یان بە هۆی کارکردنەوە، ئەگەر خاوەنکار لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنە سەرەتاییەکان هەر تێچوونێکی دابێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەو تێچووانە دەداتەوە، بەڵام ئەگەر سەلمێندرا ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێساکانی پاراستنی تەکنیکی ڕوویداوە و سەرهەڵدانی نەخۆشیەکە بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێساکانی تەندروستی و ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست بووە، لە لایەن خاوەنکار یان نوێنەرەکانییەوە. بەڕێوەبەرایەتی تێچووەکانی چارەسەرکردن و قەرەبووکان و ئەوانی تر دەدات و بەپێی ئەم یاسایە لە خاوەنکار وەردەگرێتەوە.

٢. خاوەنکار پابەندە بە گواستنەوەی دەستبەجێی کرێکار بۆ نزیکترین لایەنی پزیشکی، لەو کاتەی کرێکار کە تووشی پێکان دێت، لە کاتی کارکردنیدا یان بە هۆی کارکردنەوە یان ڕێگای کار، لایەنی ناوبراو بەرپرسیاریەتی شارستانی و سزایان دەکەوێتەسەرشان بەرامبەر هەر شتێک کە بە سەر کرێکاری پێکراو بێت، لە ئەنجامی دواکەوتن لە گەیاندنی بۆ ناوەندی پزیشکی.

چوارەم: بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٩) هەموار دەکرێت و بڕگەیەکی تریش بۆی زیاد دەکرێت بە زنجیرەی (چوارەم) و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

یەکەم: چاودێری تەندروستی و چارەسەری دەستەبەرکراوەکان و ئەندامانی خێزانەکانیان لەو کاتەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لە ئەگەری پێکان بە هۆی ڕووداوی کار یان نەخۆشییەوە، لە کاتی ئاگادارکردنەوەی بە ڕوداوەکە تا چاک بوونەوەی تەواوەتی یان پەککەوتنی یان مردنییان بە بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی یان لایەنی تایبەتمەند، لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتیە و خۆی تێچووەکانی خەرجدەکات.

چوارەم: لە بارەکانی پێکانی کاری سامناک، کە هۆکاری پزیشکی تەواو بۆ چاودێری تەندروستی و چارەسەری لە عێراقدا بەردەست نییە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە پێکراو ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات لە سەر خەرجی خۆی، بە پێی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

پێنجەم: ماددەیەک لە دوای مادده (٤٩) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم. تێچووەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری، ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

أ. تێچووەکانی چارەسەری پزیشکی و مانەوە لە نەخۆشخانە.

ب. تێچووەکانی گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی کار یان لە شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئەو شوێنەی، کە چارەسەری بۆ دەکرێت و گەڕاندنەوە بۆ شوێنی خۆی.

ج. دابینکردنی خزمەتگوزاری و کەرەستەکانی شیاندنەوە، لەوانەش ئەندامە دەستکردەکان، کە جۆر و ئاستیان لە لایەن دەسەڵاتی پزیشکییەوە دیاریدەکرێت.

دووەم. میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) دیاریدەکرێن، بەو ڕێنماییەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچێت.

شەشەم: ماددەیەکی تر لە بەشی هەشتەم زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئەندامانی خێزانی دەستەبەرکراو، کە سوودمەند دەبن لە چاودێری تەندروستی و چارەسەری ئاماژەپێکراو، لە بڕگەی یەکەمی مادده (٤٩)دا بریتین لە:

١. ژنی دەستەبەرکراو.

٢. مێردی دەستەبەرکراو، ئەگەر داهاتەکەی لە لایەن ژنی دەستەبەرکراوەوە دابیندەکرا و تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو یان بە پێی بۆچوونی کۆمیسیۆنی پزیشکی وەک کەمئەندام ناسێندرابێت.

٣. منداڵەکانی دەستەبەرکراو، یەکێک لەو مەرجانەیان تێدا هەبێت: أ. تەمەنیان کەمتر بێت لە هەژدە ساڵی تەواو و لە حالەتی منداڵی مێینەدا، ئەگەر هاوسەرگیریان نەکردبێت، ئەوا تا تەمەنی بیست ساڵی یاخود بە تەنیا بە پێی پشتگیری دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فەرمی، بەردەوام بن لە خوێندن. ب. بە هۆی نەخۆشی یان کەمئەندامیەوە، نەتوانن کار بکەن، ئەمەش بە پێی بەڵگەنامەی دامەزراوەی دابینکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری.

٤. دایک و باوکی ژێر سەرپەرەشتی دەستەبەرکراو، بەومەرجەی تەمەنی باوک لە شەست ساڵ و تەمەنی دایک لە پەنجا و پێنج ساڵ زیاتر بێت، یان بەپێی بۆچوونی کۆمسیۆنی پزیشکی کەمئەندام بن و لە هەر حالەتێکدا مووچەی خانەنشینی لە دامەزراوە وەرنەگرن.

ب. پێشنیاز دەکەین وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسێت بە دەرکردنی ڕێنماییێک بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی پەیوەندیدار بە دەستەبەریە تەندروستییەکانی هاتوو لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی (١): پێناسەکان

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

دروستکراوە: ئەو شوێنەی کرێکاران تێیدا کارەکانیان ئەنجامدەدەن.

دەسەڵاتی پزیشکی: لیژنە یان لیژنە پزیشکییەکانی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە.

چاودێری تەندروستی و چارەسەری: خزمەتگوزارییە پزیشکیەکان کە دەستەبەرکراوی پێکراو پێویستی پێیانە بۆ چارەسەرکردن بە هۆی پێکانی کارەوە، لەوانەش دەرمانەکان، پێداویستییە پزیشکییەکان، پشکنینە کلینیکی و تاقیگەیی و تیشکدارییەکان و چارەسەری سروشتی، نەشتەرگەرییەکان و مانەوە لە نەخۆشخانە و ئەوانی تر.

لیستی بنچینەیی: لائیحەی نرخی تێچووەکانی چارەسەری بەپێی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە وەزارەت یاخود بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ ناوەندەکانی چارەسەری تایبەت و گشتی لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات دەیبەستن.

ماددەی (٢): چوارچێوەی سوودەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری

سوودەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

أ. تێچووەکانی چارەسەری پزیشکی و مانەوە لە نەخۆشخانە.

ب. تێچووەکانی گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی کار یان لە شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئەو شوێنەی چارەسەری بۆ دەکرێت و گەڕاندنەوە بۆ شوێنەکە.

ج. دابینکردنی خزمەتگوزاری و کەرەستەکانی شیاندنەوە، لەوانەش ئەندامە دەستکردەکان کە جۆر و ئاستیان لە لایەن دەسەڵاتی پزیشکییەوە دیاریدەکرێت.

ماددەی (٣): تێچووەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە هەموو تێچووە پەیوەندیدارەکان بە پێشکەشکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری کە بۆ کرێکاری پێکراو خەرجدەکرێت، بە پێی لیستی بنچینەیی نرخەکانی چارەسەری پەسەندکراو لە لایەن ئەنجوومەنەوە.

ماددەی (٤): چاودێری تەندروستی و چارەسەری لە ناوەوەی وڵات

أ. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی چاودێری تەندروستی و چارەسەری بۆ پێکراو لە ناوەوەی وڵات لەو ناوەندە چارەسەرییانەی، کە پەسەندی کردوون، بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

1. پلەی مانەوە لە نەخۆشخانە بەپێی لیستی بنچینەیی نرخی تێچووەکانی چارەسەری پەسەندکراو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیاریدەکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو حاڵەتانەی پێویستی بە چاودێری تایبەت یان دابڕانی تەندروستی هەیە.

2. پێکراو مافی هەیە پلەی مانەوە لە نەخۆشخانە کە لە برگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بگۆڕێت لە سەر خەرجی تایبەتی خۆی، بەبێ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرپرسیار بێت لە هیچ خەرجییەکی زیادە، کە لە گۆڕینی ئەم پلەیە سەرچاوە دەگرێت.

3. لەو حاڵەتەدا کە دەسەڵاتی پزیشکی بڕیار دەدات، پێکراو پێویستی بە یاوەرێک هەیە لە ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تێچووی مانەوەی لە نەخۆشخانە لەئەستۆدەگرێت بە هەمان پلەی مانەوەی پێکراوەکە.

4. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تێچووی پەرستاری ماڵەوە لەئەستۆدەگرێت، ئەگەر دەسەڵاتی پزیشکییەکە بڕیاری دا پێکراو پێویستی پێیەتی.

5. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە خەرجکردنی خەرجییەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری بەپێی ڕادەی هەرەکەم لە لیستی بنچینەیی نرخەکانی چارەسەری پەسەندکراو و بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە، لائحە بۆ خەرجیەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری دەربکات، کە لەم لیستەدا نەهاتوون.

6. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە لەئەستۆگرتنی خەرجییەکانی خزمەتگوزاری و کەرەستەکانی شیاندنەوە بۆ پێکراو، لەوانەش ئەندامە دەستکردەکان و چاککردنەوەیان، ئەگەر سەلمێنرا، پێکراو پێویستی پێیەتی بە بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی.

ب. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەند نابێت بەم خەرجییانە:

١.چارەسەری ددان، کە لە سنووره دیاریکراوەکان زیاتر بێت، بەپێی ئەو بنەمایانەی ئەنجوومەن بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

٢. ڕێککارە جوانکارییەکان کە دەسەڵاتی پزیشکی بڕیاری لە سەر نەداوە.

٣. ڕێککارە چارەسەرییەکان، کە سروشتی پێکانەکە پێویستی پێ نییە.

ماددەی (٥): چاودێری تەندروستی و چارەسەری لە دەرەوەی وڵات

أ. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرپرسیارە لە چارەسەرکردنی پێکراو لە دەرەوەی وڵات، لە حالەتی نەتوانینی چارەسەرکردنی لە ناوەوە، بەپێی ڕێککارەکانی خوارەوە:

١. دەرچوونی بڕیارێک لە لایەن دەسەڵاتی پزیشکیەوە، کە دیاریکردنی لایەنی چارەسەری لەخۆبگرێت.

٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە لەئەستۆگرتنی تەواوی تێچووەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری و مانەوە لە نەخۆشخانە بەپێی نرخەکانی لیستی بنچینەیی.

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە خەرجکردنی بلیتی گەشت بە پلەی گەشتیاری چوون و گەڕانەوە بۆ پێکراو، مەگەر حالەتی تەندروستی پێویستی بە پلەیەکی بەرزتر بێت بە پێی بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی.

٤. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە خەرجکردنی بلیتی گەشت بە پلەی گەشتیاری چوون و گەڕانەوە بۆ یاوەری پێکراو، ئەگەر سەلمێنرا پێکراو پێویستی پێیەتی، بە بڕیارێک لە لایەن دەسەڵاتی پزیشکیەوە، لەگەڵ بڕی (١٠٠) هەزار دینار ڕۆژانە و ئەم بڕەیەش تەواوی خەرجییەکانی لەخۆدەگرێت.

٥. پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشینەی دارایی بۆ پێکراو خەرجبکات، دوای پەسەندکردنی چارەسەرکردنی لە دەرەوەی وڵات، بەپێی لیستی بنچینەیی نرخەکانی خەرجییەکانی گەشتکردن، کە ئەنجوومەن پەسەندی دەکات.

٦. چارەسەرکردن لە دەرەوەی وڵات بە هەماهەنگی ئەنجامدەدرێت لە نێوان دامەزراوە و باڵیۆزخانەی عێراقی یان نوێنەرایەتی هەرێم لەو وڵاتەدا، کە چارەسەری پێکراو تێدا دەکرێت.

ب. ئەگەر پێکراو بە خۆی هەڵستا بە وەرگرتنی چارەسەری لە دەرەوەی وڵات، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی پزیشکی بڕیاری لە سەر ئەمە دابێت، ئەوا پابەندی دامەزراوە سنوردار دەبێت بە لەئەستۆگرتنی خەرجییەکان یان تێچووەکانی چارەسەری کە لە لایەن ئەوەوە دراون بە پێی فاتوورە ڕەسەن و پەسەندکراوەکان. پێویستە ڕاپۆرتە پزیشکییەکان و فاتوورەکانی چارەسەری، بە بڕیاری بەڕێوبەرایەتی گشتی بنێردرێن بۆ دەسەڵاتی پزیشکی بۆ پەسەندکردن و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە پەیوەندی بە پێکانەکەوە هەیە و قبوڵکراون بۆ خەرجکردن و دیاریکردنی ماوەی ناتوانایی کە لە پێکانەکەوە دروست بووە، ئەگەر هەرچەند بێت.

ماددەی (٦): تێچووەکانی گواستنەوەی پێکراو

خەرجییەکانی گواستنەوەی پێکراو لە شوێنی کارەکەی یان شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئەو ناوەندەی چارەسەرییەکەی تێدا دەکرێت و بەپێچەوانەشەوە، لەوانەش سەردانەکانی بۆ دەسەڵاتی پزیشکی، خەرجدەکریت بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

١. شوێنی پێکان لە جەستە و توندییەکەی.

٢. شوێنی نیشتەجێبوونی پێکراو و ناوەندی کارەکەی.

٣. ژمارەی سەردانەکان، کە دامەزراوە پەسەندیان دەکات، بەپێی بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکی.

ماددەی (٧): پێدانی تێچووەکان بە دروستکراوە

بەڕێوبەرایەتی گشتی پابەندە بە پێدانەوەی خەرجییەکان بە دروستکراوە، لەو حاڵەتەی کە دروستکراوە هەڵدەستێت بە لە ئەستۆگرتنی خەرجییەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەری بۆ پێکانی کار، کە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی پەسەندکراوە، بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

ماددەی (٨): پێشکەشکردنی سوودەکانی پزیشکی بۆ پێکراو

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە پێشکەشکردنی سوودە پزیشکییەکان بۆ پێکراو لە ڕێکەوتی ڕوودانی پێکانەوە تا سەلماندنی باری چاکبوونەوەی یان پەککەوتنی یان مردنی کە لە پێکانی کارەوە دروست دەبێت.

ج. هەروەک لە چاوپێکەوتنەکان دەرکەوت، حوکمەکانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی پەیوەندیدار بە دەستەبەرییە تەندروستیەکان لە ڕووی پراکتیکیەوە جێبەجێ ناکرێن، بۆیە پێشنیاز دەکەین بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەو حوکمانە وەکو خۆیان جێبەجێبکات.

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**چاوپێکەوتنەکان:**

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ تەمەن شوان صابر، بەڕێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٤.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ دنیا کمال تقی الدین، بەرپرسی بەشی خانەشینی و قەرەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/سۆران، سۆران، ٢٠٢٥/٨/١٥.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ شمس الدین نصرالله الیاس، پشکنەر لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/سۆران، سۆران، ٢٠٢٥/٨/١٥.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ شنۆ طه حمه شریف، بەرپرسی بەشی خانەنشینی و قەرەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٣.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ فەرمان فرحان حمد علی، پشکنەر لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٣.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ گۆران احمد رشید، پشکنەر لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٣.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ نزمی موسی عثمان، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٢.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ هەژار یونس علی، بەڕێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/سۆران، سۆران، ٢٠٢٥/٨/١٥.

چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ ئەردەلان محی الدین محمد، بەرپرسی بەشی پشکنین و بەشدارییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١٤.

**المصادر باللغة العربية**

**أولا: الكتب**

عدنان العابد و يوسف إلياس، قانون الضمان الاجتماعي، الطبعة الثانية، بغداد، منقحة و مزيدة، ١٩٨٨.

**ثانيا: البحوث في المجلات العلمية**

حنان قاسم كاظم، ذاتية التقاضي في المنازعات الناشئة عن اصابات العمل والامراض المهنية: دراسة في ضوء القانون العراقي، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية، ١١ (٢٣)، ٢٠٢٢، ٣٧٥-٣٩٦.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

علي شذان، آليات الوقاية من إصابات العمل في التشريع اليمني، بحوث جامعة الجزائر ، ٩ (١)، ٢٠١٦، ٦٤-٨٨.
علياء غازي طاهر و حسن محمد علي، إصابات العمل في القوانين العراقية: التعريف والعناصر: دراسة مقارنة، مجلة الرافدين للحقوق، (٢٠)٧١، ٢٠١٧، ٢٥٩-٢٩٢.
القروي بشير سرحان، التأمين على إصابات العمل في التشريع المقارن، مجلة الدراسات القانونية، ١(١)، ٢٠١٥، ٧٧-١٠١.
هادي حسين الكعبي و زينب جاسم محمد، التعويض التلقائي عن حوادث العمل، مجلة الجامعة العراقية ، ١(٦١)، ٢٠٢٣، ٤٦٤-٤٧٣.

ثالثا: الرسائل و الأطاريح الجامعية
دحماني منال، الحماية القانونية من حوادث العمل والأمراض المهنية في القانون الجزائري، أطروحة دكتوراه، جامعة مولود معمري، ٢٠١٩.
مراد شاهر عبدالله، حقوق العمال بين قانون العمل و قانون الضمان الاجتماعي (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، ٢٠١٣.
منار حلمي عبدالله، أحكام تعويض إصابات العمل في ظل قانون العمل الفلسطيني رقم (٧) لسنة ٢٠٠٠ دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، ٢٠٠٨.

یاسا و ڕێنماییەکان
یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار و پیادەکراو بە یاسای ژمارە (٤) ی سالی ٢٠١٢ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.
قانون تأمین اجتماعی ایرانی مصوب ١٣٥٤/٤/٣ (١٩٧٥) با اصلاحات.
قانون العمل الفلسطيني رقم (٧) لسنة ٢٠٠٠.
قانون عمل العراقي رقم (٣٧) لسنة ٢٠١٥ نافذ .
قرار بقانون الضمان الاجتماعي الفلسطيني رقم (١٩) لسنة ٢٠١٦ المعدل (موقوف النفاذ).
قرار بقانون الضمان الاجتماعي الفلسطيني رقم (٤) لسنة ٢٠١٩.
قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي للعمال العراقي رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٣ نافذ .
تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨م بآليات تطبيق منافع العناية الطبية، الوقائع الفلسطينية، العدد (١٤٨) ، ٢٠١٨/١٠/٢٣.

القرارات القضائية:
قرار محكمة العمل في أربيل رقم (١٧٩/ك.م/٢٠٢٣) في تاريخ ٢٠٢٤/١/٢٨ (غير منشور).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# الضمانات الصحية للعامل المصاب في ضوء قوانين الضمان الاجتماعي للعاملين النافذة في العراق، إيران وفلسطين


| |
|---|
| أ. م. د. رضوان شريف صالح |
| قسم القانون، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سۆران، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| محامية ئامێز احمد قادر |
| نقابة محامي كوردستان، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: amez.qader@soran.edu.iq |



## ملخص

في العصر الحالي، بسبب التغيرات في نوع وأساليب العمل و زيادة المشاريع والمصانع والشركات الكبيرة، وخاصة تلك التي تعمل في مجال البناء وصناعة الوقود والصناعات الخطرة الأخرى، يتعرض العديد من العمال لإصابات في العمل أو بسبب عملهم مما يتطلب خدمات صحية. وفي إقليم كردستان، فإن القانون ذي الصلة الذي يحكم هذه المسألة هو قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971 العراقي المعدل، حيث أن تنظيمه للضمانات الصحية للعمال المصابين لا يتماشى مع التطورات في قطاع العمل في العصر الحديث وهو ضعيف مقارنة بتجارب الدول الأخرى. الهدف الأساسي من هذه الدراسة هو تحديد وتوضيح الثغرات القانونية في القانون النافذ في إقليم كردستان، فيما يتعلق بالضمانات الصحية للعمال المصابين. باستخدام المناهج التحليلية و الميدانية والمقارنة للقوانين النافذة في إقليم كردستان والعراق وإيران وفلسطين، تحدد هذه الدراسة نقاط القوة والضعف في القوانين، المتعلقة بتنظيم الضمانات الصحية للعمال المصابين واقترحت عدداً من التوصيات لتحسين تنظيم هذه الضمانات في إقليم كردستان.


الكلمات المفتاحية: العامل المصاب، الإصابات العمل، الضمان الصحية، الرعاية الصحية والعلاج.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Health Securities for Injured Worker in the Light of the Worker Social Security Law in Force in Iraq, Iran and Palestine

| |
|---|
| **Asst. Prof. Dr. Rdhwan Shareef Salih** |
| **Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq** |
| **Lawyer Amez Ahmed Qader** |
| **Kurdistan Bar Association, Kurdistan Region, Iraq** |
| **Email: amez.qader@soran.edu.iq** |

## ABSTRACT

**In the current era, due to changes in working nature and methods and increasing large projects, factories, and companies—especially those working in construction, the fuel industry, and hazardous industries—many workers injuries at work or because of their work that require healthcare services. In the Kurdistan Region, the relevant law governing this matter is the Iraqi Worker Retirement and Social Security Law No. (39) of 1971 as amended, that its health securities' regulation for injured workers does not align with the advancements in the labor sector in the modern era and is weak compared to the experiences of other countries. The primary objective of this research is to identify and elucidate the legal gaps in the law in force in the Kurdistan Region, regarding the health securities for injured workers. By using analytical, empirical and comparative approaches of the laws in force in the Kurdistan Region, Iraq, Iran and Palestine, this study has identified the strengths and weaknesses of the laws regarding health securities' regulation for injured workers and proposed a number of recommendations for better regulating these securities in the Kurdistan Region.**

**Keywords: Injured Worker, Work-related Injury, Health Securities, Health Care and Treatment.**